# رۆحی نائومێدی و نائومێدی روحی
# له شۆپنهاوەرەوە بۆ نیچه
# له جەمیل سائیبەوە بۆ بەختیار عەلی

هۆشەنگ شێخ محەمەد

پێشەکی:

شۆپنهاوەر،فەیلەسوفی رەشبینی

پردێك بۆ

روحی نائومێدی و نائومێدی روحی

نووسین لەسەر رەشبینی و بێ ئومێدی لە رۆشنبیری کوردیدا بۆچ؟ بە مەبەستی چاندنی رەشبینی و بێ ئومێدییە؟ یان بەمەبەستی رەشکردنەوەیەتی؟
گووتارەکانی کوردی لە سیاسەت و دین و رۆشنبیری، چەند ئەگەری چاندنی رەشبینی و بێ ئومێدییان لە هەناوی خۆدا هەڵگرتووە و چەندیش ئەگەری گەشبینی و ئومێدییان پێیە؟

مەبەستی ئەم نووسینە، ناسینی رەشبینی و بێ ئومێدی کوردە لەسەر بنەمایەکی هزری.
رەنگە جێگەی گومان بێت بێ زەمینەیەکی فەلسەفی بتوانین ئەم گووتارانە شی بکەینەوە و خوێندنەوەیەك بۆ رەشبینی بکەین ، چونکە قسە کردن لەسەر رەشبینی،وەك چەمك، واتە ناسینی روحی رەشبینی و نائومێدی.پێویستی بەکەرەستەی فەلسەفی هەیە. وەك چۆن باسکردنی رەشبینی وەك دیاردەیەکی ئەبستراکت پێویستی بە کەرەستەی هونەری و ئەدەبی هەیە.

ئەتوانین پرسیار بکەین:
یەکەم: لە پاڵ گووتاری دینی و سیاسیدا، گووتاری رۆشنبیری چەند بەشدارە لە چاندنی ئەو نائومێدییەی لە روحی تاکی کورددا هەیە؟
دووەم:ئەدەبی کوردی وەك بەشێك لە رۆشنبیری کوردی چەند توانیویەتی ئەو نائومێدییە بەرجەستە بکات؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەوە پێویستیمان بە فەلسەفەیەكی رەخنەیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لە وەڵامەكان نزیك ببینەوە و خوێندنەوەیەكی رەخنەیی پێشكەش بكەین.بۆیەشە فەلسەفەی رەخنەیی چونكە بنەمایەكی هزریمان ئەداتێ بۆ ئەوەی رەشبینی وەك چەمك بخوێنینەوە، واتە دەربازكردنی رەشبینی و بێ ئومێدی لە روحەكانەوە بۆ روحی خۆی، بە مانای بەدەستهێنانی توانای راڤەكردنی نەوەك وەسفكردنی.

بۆ ناسینی دیاردەی بێ ئومێدی و رەشبینی وەك چەمك لە فەلسەفەدا، پێویستیمان بە بنەمایەكی هزری هەیە،بۆ ناسینی ئەو چەمكە هزرییەش پێویستیمان بە بەرجەستەبوونێك هەیە لە فۆرمێكی ئەدەبی یان هونەریدا(تێكست).

بۆیەشە یەكەم پرسیار كە لێرەدا بیكەین ئەوەیە بۆ خوێندنەوەی رەشبینی پێویستیمان بە تێكست هەیە،ئەگەر لە بواری رۆشنبیریدا كۆمەڵێك تێكستی كوردیمان هەبێت(شعر، چیرۆك و رۆمان)، ئەی لە بواری سیاسی و دینیدا كوان تێكستە كوردییەكانمان؟

با لێرەدا پرسیارەكە وا بكەین: ( ئایا ئێمە تێكستی سیاسی و دینی كوردیمان هەیە؟)
ئەم پرسیارە رەنگە چەندین پرسیاری دیكەمان لە لا دروست بكەن، لەوانە:

1. مەبەست لە تێكستی سیاسی كوردی و دینی كوردی چیە؟ئایا مەبەست زمانە یان گووتار؟
2. گووتار بێ تێكست دەتوانێت تەواو بێت؟
3. تێكست مەرجی سەرەكی هەر گووتارێكە؟

با لێرەدا خۆمان لەو پرسیارە بوێرین كە دەشێت بپرسێت (مەرجەكانی گووتار چین؟) و ئایا ئێمە گووتارێكی سیاسی و دینی كوردیمان هەیە؟
ماركسیزم ، لینینزم ، سۆسیالیزم ، ناسیۆنالیزم، نازیزیزم و فاشیزمیش خاوەن تێكستی تایبەتی خۆیانن، خاوەن تیۆر و بنەمایەكی فكری گەورەو گرانن، لەسەر ئەم بنەما فكرییەش سیاسەت و دەوڵەت و رژێم و سستەم دامەزراون، بەڵام ئایا ئێمە گووتاری سیاسیمان چ بنەمایەكی هزری هەیە؟ وڵاتپارێزی و نەتەوەپەروەریمان لە چ تێكستێكدا بەرجەستەبووە؟ بەهەمان شێوە ئایا تێگەیشتنی دینییانەی ئێمە لەسەر بنەمای فكری چ تێكستەوە بەرهەمهاتووە؟ ئایا تێكستێكمان هەیە بۆ ئەوەی بیكەینە بنەمایەكی هزری بۆ دین؟دواتریش چ سیاسەت و چ دین بكەینە بنەما بۆ دەسكەوتێكی نەتەوەیی یان مرۆڤایەتی؟
بۆیە من مەبەستم لە تێكستی سیاسی و دینی كوردی هەم زمانە و هەم گووتار، زمان بەهەردوو مانای: یەكەم گەڕانەوە بۆ هەرتێكستێكی كوردی دینی، دووەمیش هەر تێكستێكی دینی بە زمانی كوردی.

وەك گووتاریش ئەوە سیاسەت و دین لە كوردستاندا بە تێبینـی كردنـی كەناڵـەكانی راگەیانـدن و دەزگـە و بەرنامــە و مومارەســەی رۆژانــەی حزبــەكان و بــەڕێوەبردنی ململانێیــە نافیكرییــەكانییان، دەتــوانین بەرژەوەندییەكانی هەردوو گووتار ئاشكرا بكەین.

بە واتەی ئەوەی جگە لە تێكست، كە گووتاری سیاسی و دینی نیانە، ئەوە لە ڕێی كەناڵـەكانی دیكـەوە، كـە تێكستیش دروست ناكەن، بەڵام ئەتوانین لە بەشێكی گووتارەكانییان بگەین و بەژەوەندییـەكان و ماهییـەت و هەندێ لە خەسڵەتەكانییان دەست نیشان بكەین.

(كە ئەڵێین كەناڵەكانی سیاسەت و دین بۆ نموونە راگەیاندن "تەلەفزیۆن و رۆژنامـە و سـایتە ئەلكترۆنییـەكان و بلاوكراوەكان و كتێب و هتد...،" لەبەر ئەوە نیە كە ئەمانە توانـای دروسـتكردنی گووتاریـان نیـە، بـەڵكو مەبەستم ئەوەیـە ئـەو ئەقلییەتـەی ئـەو كەنالانـە بـەڕێوە دەبـات توانـای دروسـتكردنی تێكسـتی مـەعریفی و گووتاری بنەما فكری نیە)

بۆیە لە خوێندنەوەی گووتاری سیاسی و دینیدا زیاتر ئێمە دەتوانین ئەوە بزانین كە ئەم گووتارە بێ تێكسـتانە چەند بێ ئومێدی و رەشبینی لە لای تاكی كورد دەچێنن.كە ئەوەش خەمی ئەم نووسینەیە.چونكە لـەوە زیـاتر ناتوانین لە گووتـاری سیاسـی و دینـی كوردیـدا بـە دووی سەرچـاوەیەكی فكـری و مـەعریفی بگـەڕێین بـۆ ناسینەوەی بێ ئومێدی، یان بۆ بە چەمككردنی رەشبینی.

دوای ئەوە ئەگەر بێینە سەر گووتاری رۆشنبیری كوردی و بە دووی سەرچاوەكانیدا بگەڕێین، بە تایبەتی لـە ئەدەبدا "شعر و چیرۆك و رۆمـان"، ئـەوا كۆمـەڵێ تێكسـتی جۆراوجۆرمـان لەبـەر دەسـتدایە، كـە لـە سـاتی مێژوویی جیـادا بەرهـەمهاتوون، هـەر لـە جـەمیل سـائیب و ئەحمـەد موختـار و گـۆران و شـێركۆ بێكـەس و چەندین ناوی دیش تا دەگاتە شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی.واتە لە نێوان لە خەومای جـەمیل سـائیب و تـا دوا بەرهەمی بەختیار عەلی (غەزەلنووس و باخەكانی خـەیاڵ)_تـا سـاتی ئـەم نووسـینە_ چـەندین تێكسـتمان هەیە كەموزۆر لە هەندێ ساتی مێژوویـدا لـە دایكبوونـە كـە بـێ ئومێـدی و رەشـبینی ئـەو سـاتە مێژووییـە دەسـتی لـە بەرهـەمهێنانی ئـەو بەرهەمانـەدا هـەبووە و هـەروەها كاریگـەری ئـەو سـاتە مێژوویانـەش لەسـەر بەرهەمەكاندا رەنگییان داوەتەوە، بۆ ئەم خوێندنەوەیە چـەند تێكسـتێك دەستنیـشان دەكـەین وەك نموونـە و بەڵگە بۆ خوێندنەوەی رەشـبینی و بـێ ئومێـدی لـە رۆشـنبیری و ژیـانی ئێمـەدا.هـەروەها هـەوڵیش دەدەیـن ماهییەتی رەشبینی روحی و روحی رەشبینی لەو تێكستانە ئاشكرا كەین.

بۆ ئەم مەبەستەش،سەرەتا پێویستیمان بـە دامەزرانـدنی باسـێكی تیـۆری هەیـە، كـە ئـەم باسـە تیۆرییـەش لـە زۆربـەی گووتارەكـانی كوردیــدا نابینینــەوە، ئــەوا هانــا بــۆ بــە فەلــسەفە دەبــەین، لەبــەر دوو هۆكــار، یـەكەمیان:فەلسەفە ئەو بوارە تیۆرەمان بۆ دەڕەخسێنێ رەشـبینی بكەینـە چـەمك و دووەمـیش لـە پەیوەنـدی فەلسەفە بە ئەدەبەوە.

بەلام پێش ئەوەی بچمە ناو ئەم باسەوە بە پێویستی دەزانم ئەوە روون بکەمەوە، کە هانابردنمان بۆ فەلسەفە و بەتایبەتی فەلسەفەی رەشبینانەی شۆپنهاوەر،کە زەمینیەکی لەبارە چونکە بە فەیلەسوفی رەشبینی ناسراوە و زۆر کەس وەك گەورە رەشبینێك سەیریان کردووە، هەروەك کۆلن ویلسۆن ئەڵێت: (فەیلەسوفی کەئابەی رەهایە!) یان وەك (ول دیۆرانت) ئەڵێت: (لە نیوەی یەکەمی چەرخی نۆزدەمدا دەنگە رەشبینەکان لە ئەوروپا بەرزبوونەوە، دەنگی شاعیرە رەشبینەکان لە هەموو لایەکدا هەستان، وەك لۆرد بایرۆن لە ئینگلتەرا، دی موسیە لە فەرەنسا، هینی لە ئەڵمانیا، لیۆباردی لە ئیتالیا، پوشکین و لیرمانتۆف لە روسیا، هەروەها تایەفەیەکی رەشبینی ئاوازدانەرانی میوزیکیش بەدیارکەوتن وەك شوپێرت و شۆپان و شوین هەتا بیتهۆڤنیش میوزیکارێکی رەشبین بوو هەر چەند هەوڵی دەدا خۆی بە گەشبین نیشان بدا، بەلام روحی رەشبینانەی شۆپنهاوەری فەیلەسوف بەسەر هەموو ئەو دەنگانەدا زاڵ بوو. رەشبینی ژیان و فەلسەفەکەی داپۆشیبوو) 1.

ئیدی نووسین لەسەر رەشبینی لە رێی فەیلەسوفێکی ئاوا،بۆ ئەوە نیە تا رەشبین بین، بەڵکو بەو مانایایە لە رێی شۆپنهاوەرەوە رەشبینی وەك چەمك بخەینە ناو رۆشنبیری کوردییەوە. چونکە تەنیا تەماشاکردنی رۆشنبیریی کوردیی و رۆشنبیری کورد بەسە تێمان بگەیەنێت کە لە چ تراژیدیایێکی رەشداین؟!

بۆ ئەمەش من مەبەستم نیە گەشە بە رۆحی رەشبینانە بدەم لە لای خوێنەری کورد دا،بەقەد ئەوەی دەمەوێ پەردەیەك لەسەر ئەو رەشبینییە هەڵدەمەوە کە ژیان ، رۆشنبیری و روحمانی داگیرکردووە.بەتایبەتیش رەشبینی لە رۆشنبیریی و رۆشنبیرانی کورددا، کە رۆشنبیرییەکە بە کاریگەری گووتاری سیاسی و دینی و رۆشنبیری زیاتر باوەش بە دەسەلات دەکات نەوەك هزر، دەرگەی یەقین دەکاتەوە و گومانەکان دەکوژێت،پڕ دەبێت لە هەیمەنە و خۆی لە دیالۆگ خاڵی دەکاتەوە.

ئیدی لەناو ئەو رەوشەدا من پێویستیم بەوە نیە رەشبینی لە روحی شۆپنهاوەردا قەرز کەم و بیەم لێرەدا خۆمی پێ ئینتحار کەم. چونکە زۆرانێکیش هەر لەناو رۆشنبیریی کوردی دا گیانی رەشبینی و قەلەقییان بە پێویست زانیوە بۆ داهێنان و کردنی نووسیندا، خۆشم درکم بەوە کردووە ئەو رەشبینییەی بۆ نموونە لە گیانی شۆپنهاوەردا هەبووە لە گیانی زۆرانێکیش لە ئێمەدا هەیە و دەبێت، لە ئاستێکی زۆر سادەدا کە (شۆپنهاوەر گرەوی لەگەڵ خۆی کردبوو کە یەکەم رۆژ لە رێستۆرانێکدا کڕیارەکان سەبارەت بە بابەتێك قسە بکەن جگە لەبابەتی ئەسپ و ژن و سەگ، ئەوە پارچە پارەکەی بخاتە سندوقی یارمەتیدانی هەژارانەوە)2.
خۆ ئێمە ئەگەر گرەو لەسەر شتێکی وا بکەین ئەوە نەوەك لەناو ریستۆرانەکاندا، تەنانەت لە هۆڵ و دەزگە و ژوور و تەنانەت نووسینی رۆشنبیرانیشدا گرەوەکەی خۆمان دەبەینەوە، چونکە رەنگە جگە لە باسی کۆمەڵێ بابەتی مادی وەك (ئۆتۆ و زەوی و خانوو و مووچە و ژنبازی و هتد) زیاتر گوێمان لە شتێکی فکری و بابەتێکی رۆشنبیری نەبێت؟!

بۆیە لەم ئاستە سادەدا، سەرکردن بەناو ئەو دەزگە رۆشنبیری و هونەرییانەدا خۆی لە خۆیدا چاندنی رەشبینییە لە رۆحدا، خوێندنەوەی زۆرێك لە نووسینەکانی رۆشنبیری کوردیش، چاندنی رەشبینییە لە فکر و مەعریفەدا.
واتە نووسینی کوردی لەسەر دوو ئاست رەشبینی دەچێنێ:
یەکەم: جۆرە نووسینێك کە هیچی نیە بۆ وتن، ئەبێتە رەشبینی و بێ ئومێدبوون لە نووسینیش.
دووەم:جۆرە نووسینێك وتەی خۆی هەیە و بێ ئومێدی ناداتە نووسین، بەڵکو ئەیداتە دنیا و ژیان.

زۆربەی نووسینی کوردی بەشێك لەو تێگەیشتنەی تێدایە کە نووسین پێویستە دەربڕین لە بەرژەوەندی یەکێك لە گووتارەکان بکات ( دینی ،سیاسی،رۆشنبیری،کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، فەلسەفی، فکری و مۆراڵی و هتد) خودی ئەو (پێویستی) بوونەش بەشێکی گەورەی هۆشمەندی و ئاگایی نووسەرانی کوردی داگیر کردووە، هەردوو چەمکی (رەشبینی و گەشبینی) یان (ئومێد و بێ ئومێدبوون) یش بەشێکن لەو پێویستییانەی کردەی نووسین و ژیانکردن پێویستییان پێ هەیە، واتە (رەشبینی و گەشبینی) ماهییەتێکی ئەخلاقییان لە رۆشنبیری کوردیدا هەیە، بەوەی رەنگە سەردەمێك لە سەردەمەکان، کە سیاسەت و بیرۆکەی ئەدەبی بەرگری کارا بوو، ئەوە پێویست بوو نووسەری کورد باوەڕی بە کۆمەڵە پێویستییەك هەبێت، یەکێك لەو پێویستییانە گەشبینی بوو ، بەرامبەر بە ژیان، شۆڕش، خەبات، خێزان و ژن و هتد....،و هەرگیزیش رەشبین نەبێت.
گەشبینی بوون، خواستێکی مرۆڤایەتی و ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بوو، تا ئێستاش رەنگە ئەم خواستە لە رۆشنبیری کوردیدا، بەهێز خۆی نمایش بکات، زۆریشن ئەو نووسەرانەی خوێنەر بە گەمژە دەبینن و دەیانەوێت فێرە گەشبینی بکەن؟!

هەر چۆنێك بێت ، من لەم بابەتەمدا نە دەمەوێت گەشبینی بچێنم و نە رەشبینی، من بە دووی چاندنی ئەو شتانەوە نیم، تەنیا دەمەوێت ئەوە روون کەمەوە، کە نووسینی بابەتێك لەسەر رەشبینی لە لای منەوە هەندێ هۆکاری لە پشتەوەیە کە رەنگە جیابێت لەو هۆکارە ئەخلاقی و ئەدەبی و رۆشنبیریانەی هەر نووسینێك بۆی هەیە بیخاتە ئەستۆی خۆی.
لەم نووسینەدا ئەگەر هەندێ پرسیار و وەڵام هاتنە ئارا ئەوە تۆی خوێنەر دەزانیت کا بابەتەکەم رەشبینی دەچێنێت یان گەشبینی؟یان رەنگیشە هیچیان!

ئیدی لێرەدا با پیاسەیەك دەست پێبکەین.

* * * * * * *

# نووسین وەك كایـەیـەك بۆ
# نائومێدی روحی و روحی نائومێدی

## لەفەلسەفەوە بۆ ئەدەب، پەیوەند بە نائومێدییەوە:

ئایا پەیوەندی ئەدەب و فەلسەفە چیە؟ هـەر یـەك لـە فەلـسەفە و ئـەدەبیش سـەبارەت بـە نائومێـدی ئـەتوانن چیمان بۆ باس بکەن ؟

هەندێ پێناسەی فەلسەفە، کلاسیك و نوێ:

فەلسەفە: ئەگەر خۆمان بە کۆنترین پێناسەی فەلسەفە قایل بکەین بەوەی لە دوو وشـەی گریکییـەوە هـاتووە (فیلۆ – سۆفیا) و بە مانای (خۆشەویستی حیکمەتەوە) دێت ،واتە بە تێگەیشتنی (ئەرسـتۆییانە) بـۆ فەلـسەفە و حیکمەت، ئەوە ئەو تێگەیشتنە بـەس نیـە بـۆ ئـەوەی بتـوانین لـە روحـی نائومێـدی و نائومیدیـەکانی روح بڕوانین، چـونکە ئـەم شووناسـە زیـاتر پەیوەسـت بـووە بـە زمـانی سـەردەمی کـۆنی گریکـەکان و دەلالـەتی زمانەوانی وشەی فیلۆسۆفیاوە، کە ئەو کات ئەو دەلالاتە شووناسی بە فەلسەفە بەخـشیوە و لـە خوشویـستنی حیکمەتەوە سنووورداری کردووە، چونکە ئەو دەسکەوتە فکری و مەعریفییانەی ئەمڕۆ کـە هـەن، ئـەو کـات لەبەر دەسـتی فەیلەسـوفەکانەوە نـەبوون.بۆیـە دوای ئـەو هەمووگۆڕانکارییـە گەورانـەی لـە رووی فکـری و تەکنەلۆژی و مەعریفی و زانستەوە روویاندا، شووناسی فەلـسەفەش گـۆڕا، لـە خوشویـستنی حیکمەتـەوە بـۆ بەرهەمهێنانی حیکمەت ،.(3)

ئەگەر بە خێراییش بێت بگەڕێینەوە سەر هەندێ لـە پێناسـەکانی فەلـسەفە ئـەوە هەسـت بـەو گۆڕانکارییانـە دەکەین:

(هیراکلیتیس پێی وایە فیساگۆرس پەیڤی (خۆشەویستانی حیکمەتی) بەو کەسانە گوتبێ کـە لێکۆڵینـەوەیان تەنیا لە سرووشتی شتەکان کردووە و وازیان لە وێنەکانی دیکەی مەعریفە هێناوە، کـاتێکیش هەسـتییان بـە کەموکوڕی و سنووری مەعریفەی خۆیان کردووە بە خۆیان نەوتووە "حەکیمەکان"، بە مەعریفـەی خۆشـیان نـەوتووە "حیکمـەت".بـەڵکو ئـەوان هـەوڵیان بـۆ داوە.بـە گـوێرەی توانـاش هـەوڵیان داوە بیگـەنێ. پـێش فیـساگۆرسیش نـاوی "حـەکیم" بـەو کەسـانە دەگـووترا کـە بایـەخیان بـە مەعریفـەی شـتە ئیلاهییـەکان و مرۆڤایەتییەکان و هۆکارەکانییان دەدا.بـەڵام هەنـدێ پێیـان وایـە رەنگـە سـوکرات یـەکـەم کـەس بووبێـت خۆشەویـستانی حیکمــەتی بـەکارهێنابێ نـەوەك فیـساگۆرس. ئـەفلاتۆنیش خۆشەویـستی حیکمــەتی بــۆ جیاکردنــەوەی "خۆشەویــستی حیکمــەت" لــە لای ســوکرات لــە گــەڵ "حیکمــەتی" سۆفیــستەکان بەکارهێناوە.(4)

لە دیالۆگەکانی ئەفلاتونـدا ،خۆشەویـستی حیکمـەت زۆ جـار لەسـەر زاری سـوکرات گـووتراوە، بـەڵام بـە مانایەکی ئەخلاقی، واتە خۆشەویستی حیکمەتی خولقی.بۆیـەشە فەلـسەفە لای سـوکرات (لـە هەقیقـەتی ئـەو

شتانەی بە خێرمان دەگەیەنن، هەروەها لێکۆڵینەوە لە زیندەوەرە سرووشتییەکان و جوانی سستەمییان و بنەما و هۆکارە سەرەتاییەکانییان دەکات.)(5) (تالیس و هیراکلیتس و بارمنیدس و زینۆن و فیساگۆرس و ئەمبادقلیس کە فەیلەسوفانی سرووشتی بوون و لێکۆڵینەوەیان لە سرووشتی دەرەکی شتەکان و قانون و ئسوڵی جیهانی مادییان دەکرد. سوکرات بەو فەلسەفە سرووشتیەی دەگووت فەلسەفەی باش.بەلاّم فەلسەفەیەکی تر هەیە شایستەترە فەیلەسوفەکان لێی بکۆڵنەوە لەو هەموو داروبار و بەردانەی سرووشتییان پڕکردووە. هەتا لەو هەموو ئەستێرە و هەسارانەش گرنگترە. کە ئەویش عەقڵی مرۆڤە. و لە ئایندەدا دەگۆڕێتە سەر چ شتێك؟ (6) دوای سوکرات ئەفلاتۆن ماناکەی فراوانتر دەکات ئەو پێی وایە: ( فەلسەفە کە سەروەی زانستەکانە، لێکۆڵینەوەیە لە هەقیقەتی هەبووەکان وسستەمە جوانەکەی و ناسینی داهێنەری یەکەم) ئەفلاتۆن لە فەلسەفەدا حیکمەتی ئەخلاقی و لێکۆڵینەوەی جیهان و بنەما پێکهێنەرەکانی پێکەوە کۆدەکاتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوە لە نەفسی مرۆڤایەتی دەکات لە لایەنی مەعریفە و ڕەفتاردا. ئەفلاتۆن جیاوازی لە نێوان فەلسەفە و ماتماتیك و فەلسەفە و مێژوو دەکرد. دوای ئەویش خوێندکارەکەی (ئەکسینۆکرات) فەلسەفە دابەشی سێ بەش دەکات:

1. تیۆری مەعریفە (مەنتق)
2. فەلسەفەی سرووشتی (فیزیا)
3. ئەخلاق.

(زینۆنیش)دامەزرێنەری رواقی و رواقییەکان بە گشتی ئەم دابەشکردنەی ئەکسینۆکرات وەردەگرن.(7) ئەرستۆش دەڵێت:( فەلسەفە زانستی گشتییە و بابەتی هەموو زانستەکانی تێدا دەناسرێ،مەعریفەی زیندەوەرەکان و هۆکارەکانییان و بنەما جەوهەرییەکان و هۆکارە سەرەتاییەکانییانە)(8)بەم شێوەیەش مانای فەلسەفە لای ئەرستۆ فراوانتر بوو بەوەی هەموو مەعریفەیەکی ئەقڵی دەگرێتەوە. شوناسی فەلەسەفە لە ماهییەتی خۆیدا (ناسینی تیۆری بنەماو هۆکارە سەرەتاییەکانە)(9)

حیکمەتیش دابەشی سەر دوو جۆر بوو، یەکەمیان حیکمەتێکی وتەزایی ئەقڵی (قولیە عقلیە) و دووەمیشیان حیکمەتی کردەیی (فعلیە). حیکمەتی وتەزایی ئەقڵی هەموو عەقلانیکردنێکە کە عاقڵ دەیکات. و حیکمەتی کردەییش هەموو ئەو کردانەیە کە حەکیم لە پێناو ئامانجێکی کەمالیدا دەیکات. ئنجا فەیلەسوفەکان جیاوازبوون لەسەر حیکمەتی وتەزایی ئەقڵی.

حیکمەتی وتەزایی ئەقڵی زانستی کردە سێ بەش:

زانستی چ ( علم ما) : ئەو زانستەیە لە ماهییەتی شتەکان دەکۆڵێتەوە:میتافیزیك.

زانستی چۆن (علم کیف): ئەو زانستەیە لە چۆنییەتی شتەکان دەکۆڵێتەوە:زانستی سرووشتی.

زانستی چەند (علم کم): ئەو زانستەیە لە چەندییەتی شتەکان دەکۆڵێتەوە:زانستی ماتماتیك.

ئەرستۆش زانستی مەنتقی بۆ زیاد کرد، و بە ئامرازی زانستەکانی دانا و بابەتی زانستەکانیشی بەم شێوەیە دابەشکرد:

بابەت لە زانستی میتافیزیکدا: هەبوونی ڕەهایە. مەسەلەکانیشی لێکۆڵینەوە لە بارەکانی هەبوون بەوەی کە هەیە.

بابەت لە زانستی سرووشتی:جەستەیە، باسەکانیشی لێکۆڵینەوە لە بارەکانی بەوەی کە جەستەیە.
بابەت لە زانستی ماتماتیك: دووری و مقدارەکانن، بەگشتی : چەندایەتی وەك ئەوەی کە موجەرەدە لە مادە. باسەکانیشی لێکۆڵینەوە لە بارەکانی چەندایەتییەکان بەوەی کە چەندایەتین.
بابەت لە زانستی مەنتقدا: ئەو مانایانەن کە لە ئاوەزی مرۆڤدان و ئەچنە سەر زانستی دیکە، باسەکانیش: لێکۆڵینەوە لە بارەکانی ماناکان وەك ئەوەی کە خۆیانن.

حیکمەتی کردەیی:کاتێك بەختەوەری داواکراو بوو بۆ خودی خۆی، مرۆڤیش بۆ بەدەستهێنانی هەوڵ دەدات، بەختەوەریش بە حیکمەت بە دەست نایەت. چونکە حیکمەت داوای ئەوە دەکات یان کاری پێ بکرێت یان لێوەی فێربین. حیکمەتی کردەییش دابەشی دوو بەش بوو: کردەیی (کاری خێر) و زانستی (زانستی هەق)(10)
فەلەسەفە لە فراوانبوونیدا بەردەوام بوو تا لەسەرەتای چەرخی نوێدا زانستەکان سەربەخۆ بوون.یەکەمیان فیزیا لە چەرخی هەڤدەمدا بە هۆی گالیلۆ و دیکارت و نیوتنەوە سەربەخۆ بوو، بەوەی زانست نابێت پشت بە وتەزای میتافیزیکی ببەستێت بەڵکو پشت بە ئەزموون و تێبینیکردنەوە ببەستێت بێ گریمانەی میتافیزیکی و دینی. بەڵام فەلسەفە و فیزیا بە وردی لەیەکتری جیانەبوونەوە تا کۆتایی چەرخی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم. دووەمیش لە سەدەی هەڤدەمدا ماتماتیك سەربەخۆ بوو، بەتایبەتی زانستی فەلەك لە لای گالیلۆ.کە هێشتا لە لای کۆپەرنیکۆس ئەم زانستە لە بن کاریگەری دین و میتافیزیك دابوو. سێیەمیش. لە سەدەی نۆزدەمدا زانستەکانی فسیۆلۆژیا و پزیشکی بە گشتی سەربەخۆ بوون.
لەگەڵ پێشکەوتنی مەیدانی فەلسەفە ماناکەشی پێشکەوت، دیۆجینۆس وایدەبینێت کە (فەلسەفە زانست و کاری بەدیهێنانی بەختەوەرییە لە ژیاندا) فارابیش دەڵێ: (فەلسەفە زانینی هەبوونەکانە بەوەی کە هەن) سەدرەدین شیرازی فەلسەفە وا دەناسێنێت (تەواوکردنی نەفسی مرۆڤایەتییە بە ناسینی حەقیقەتەکانی هەبووەکان)، لۆکیش وای دەبینێت:(فەلسە لێکۆڵینەوەی ئەقڵی بەشەرییە) فیختەش پێی وایە فەلسەفە(هونەری مەعریفەیە) هیگلیش دەڵێ : (فەلسەفە ناسینی هەقیقەتە جێگیرەکانە)(11)

ئەم پێناسانەی سەرەوە کە کۆمەڵە پێناسەیەکی کلاسیکن و من بەشێکیانم بەیەك کیلیکەوە لەسەر ماڵپەڕی (http:wikpedia.org) دەرمهێناون، ئەم قسەیەش بۆ ئەوە دەکەم تا لەوە بگەین ئەو شۆڕشە گەورەیەی تەکنەلۆژیا دروستی کردووە چەند کاریگەری کردۆتە سەر رێگەکانی ناسین و بەدەستهێنانی زانیاری و دواتریش فراوانبوونی کەناڵەکانی مەعریفە و کەناڵەکانی ناسینی هەبووەکان و زیندەوەرەکان و هەقیقەتەکان و گشت ئەو چەمکانەی دەتوانین لەو پێناسانەی سەرەوەدا بیانبینینەوە لە (ئەقڵ، شتەکان، خێر و چاکە، ستەم، بنەما، هۆکارە سەرەتاییەکان، هەقیقەت، سەروەری،زانست، بابەت، جەوهەر، بەختەوەری، هەبوون، مرۆڤ، هونەر و جێگیری) هەر یەك لەم چەمکانە بۆیان هەیە ببنە بابەتی لێکۆڵینەوەی دوور و درێژو قووڵ بۆ لێکۆڵینەوە لێیان و دروستکردنی دەیان پرسیار و بەدەستهێنانی دەیان وەڵامی هاودژ و بەرەواژیش لە بارەیانەوە،کە وادەکات بەردەوام لە گومان و گەڕان دابین، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی فەلسەفە

خۆی، کە ئەتوانێت پێ پسانەوە پرسیار لە خودی خۆی بکات و گۆڕانکاریش بەسەر ماهییەت و ئەرك و ڕۆڵی خۆیدا بهێنێت.بەتایبەتیش لەگەڵ پێناسە نوێیەکانی فەلسەفە کە تا رادەیەکی زۆر فەلسەفە لە بابەتە میتافیزیکییەکان و ناسینی غەیبییاتەکان دوور دەخەنەوە.هۆسرل(1859–1938) دەڵێ: (فەلسەفە لە جەوهەری خۆیدا ناسینی بنەما هەقیقییەکان و ئسول و رەگی هەمەکییە، زانستی هەر شتێکی ریشەییە کە پێویستە لە هەموو لایەك و ئیعتبارێکدا ریشەیی بێت)مەزهەبی دیاردەکان کە هۆسرل دایمەزراند لە رەخنەکردنی بیرکارییەوە دەست پێدەکات بۆ ئەوەی بگاتە دۆزینەوەی رێگەیەك بۆ بەدەستهێنانی هەقیقەتە بنەماییەکان. رێسای بناغەییش بۆ ئەمە ئەوەیە: ( رۆیشتن بۆ شتەکان خۆیان) بە دوورخستنەوەی هەموو تیۆرەکانی پێشوو سەبارەت بە واقع. ئەم کارەش لەسەردوو مەبدەء وەستاوە یەکەمیان: مەبدەئێکی سلبی بە دانانی هەر شتێك لە نێوان دوو کەوانەدا کە ناتوانرێت بە رێگەیەکی یەقینی بسەلمێنرێت.دووەمیشیان مەبدەئێکی ئیجابی کە بنەماکەی دیتنی راستەوخۆیە بۆ شتەکان واتە دیاردەکان چونکە ئەوان دەبەخشرێنە ئێمە. مەیدانی دیتنی دیارگەریی لە هەموو ئەو دیاردانە پێکدێت کە دەبەخشرێنە شعور. ئەرکی دیارگەریش کەشف کردن و وەسفکردنی جیهانی دیارەکان بە وردی و پەیوەندی نێوانییانە.فینۆمۆنۆلۆژیستیش پێویستە لێکۆڵینەوەکانی لە هەموو کێشەیەکی ساختە و مانایەکی درۆزن کە لە رابردووەوە وەریگرتووە پاك بکاتەوە.هەروەها لە هەموو ئەو حوکمانەی کە رێ لە پێشکەوتنی هزری فەلسەفی دەگرن.(12)

لەبەرامبەر ئەمەدا دەبینین ئەلویس ریل وای ئەبینێت کە پێویستە هەموو مەسەلەکانی پەیوەند بە هەبوون و مێژوو و شارستانییەت وازیان لێ بهێنرێت بۆ زانستە پاژەکییەکان،و میتافیزیکاش دوای ئەوەی کانت لەناوی برد شوێنێکی بۆ نەماوەتەوە. فەلسەفەش بەو وەسفەی روانینە لە جیهان و لە ژیان. شتێکە پەیوەستە بە ئیمان و شعور و نەزعەی کەسایەتییەوە، بەم پێیەش پێویستە ئەم وێنەیەی فەلسەفەکردنە لە فەلسەفە بەمانا زانستییەکەی جیابکرێتەوە، فەلسەفە لای ئەو زانستی شعورە، درککردنی زانستی شعور و بابەت و قانونەکانییەتی.(13)

کانتییە نوێیەکان:

کانتییە نوێیەکان "فندلباند و هینرش ریکەرت" پێیان وایە: (ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە لە بەهاکانی پەیوەند بە هەق و خێر و جوانی و موقەدەس دەکات) هەروەها ئەو شوێنەیان بۆ فەلسەفە گەڕاندەوە بەوەی زانست یان مەزهەبی روانینە لە جیهاندا،بەو واتەیەی مەزهەبی فەلسەفی گشتگیر و هەمەکییە. لەسەر فەلسەفەش پێویستە مەعریفەی تەواو لەخۆ بگرێ بۆ ئەوەی ئەو روانینە گشتگیرە بۆ جیهان پەیداکات.

لەگەڵ ئەمەشدا خاوەنانی ئەم روانینەش بۆ فەلسەفە وایدەبینن کە فەلسەفە کاری بەسەر لێکۆڵینەوە لە هەبوونی شتەکان نیە چونکە لێکۆڵینەوە لە جیهانی هەبوون کە زۆرە و جیاوازە پەیوەستە بە زانستە پاژەکییەکان. زانستە مێژووییەکان لەو شتانە دەکۆڵنەوە کە هەمیشە لە گۆڕاندان و ناگەڕێنەوە و لە سیاقی ئەهواڵ و رووداوە مرۆڤایەتییەکاندا بەو سیفەتانەی تاکن دووبارە نابنەوە. زانستە سرووشتییەکانیش لە

بەشێکی واقعی سرووشتی دەکۆڵنەوە.لە قانونە جێگیرەکان لە رووداوە سرووشتییەکاندا.لە لای کانتییە نوێکاندا فەلسەفە لێکۆڵینەوە لە بەهاکان دەکات.چونکە لە تەنیشت قانونەکانی سرووشت، پێوەرەکان هەن، مرۆڤ هەست دەکات کە پێوەرێك هەیە رەفتاری ئەخلاقی دەپێوێت. داهێنانە هونەرییەکانی و ئەزموونە دینییە زیندووەکانی و حوکمەکانی دەپێوێت. ئەو پێوەرانە پەیوەستن بە بەهاکان. لەوانە بەهای هەق. بەهای جوان، بەهای خێر. و بەهای هەر شتێکی موقەدەس. ئەرکی فەلسەفەش لای ئەوان ئەوەیە لێکۆڵینەوە لەو بەهایانە بکات. واتە پێناسەیان بۆ فەلسەفە دەبێتە (ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە لە بەهاکان دەکات.تێگەیشتن لە جیهانیش لەهەمان کاتدا تێگەیشتنە لە بەهاکان. درککردنی مانای ژیان درککردنی ئەو بەهایانەیە کە لە ژیاندا بەدیان دەهێنین.) کەواتە بابەتی فەلسەفە لێکۆڵینەوەیە لە بەهاکانی پەیوەست بە هەق و خێر و جوان و موقەدەس، بەم پێیەش زانستەکانی فەلسەفە دابەش دەبنە سەر: مەنتق، ئەخلاق، زانستی جوانی، فەلسەفەی دین. (14)

مۆرتس ئاشلك(1882–1936) (فەلسەفە زانست نیە، بەڵکو چالاکییە لە هەموو زانستێکدا).(15) لە لای ئاشلك فەلسەفە شیکردنەوەی مانای مەسەلە زانستییەکانە.ئەرکی فەلسەفە روونکردنەوەی مانایە، روونکردنەوەی مانا هەنگاوێکی پێویستە لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا.چونکە پێش ئەوەی بڕیاری راستی و هەڵەیی بدرێت پێویستە مانا روون بکرێتەوە. مانای فکرەش ئەوکاتە دەناسرێ کە بارودۆخەکەی بناسرێ کە وای لێدەکات راست بێت یان نە.
بۆچوونە زانستییەکان بەوە لە بۆچوونە ئاساییە رۆژانەییەکان جیادەکرێنەوە بەوەی وردتر و دەستنیشانکراوترن. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە بۆچوونی زانستی لەسەر پێناسەی ورد دابمەزرێت.(16)

هەم لە پێناسە کلاسیکییەکان و هەم لە نوێکانیشدا، بۆمان دیاردەبێت، کە تا ئێستاش فەلسەفە نەیتوانیوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مرۆڤ لە بارەی ژیان و مرۆڤ و هەبوون و چەمکەکانی دیکە بداتەوە، بەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیە فەلسەفە ئەو توانایەی هەیە هەمیشە هێرشبەر بێت، هێرش بۆ سەر پێناسەکان و شووناسەکان و خۆیشی، بەردەوام زەمینەیەکمان لە پێشدا خۆشکات بۆ ئەوەی هەمیشە لە ئەقڵ و زانینەکانییەوە بە گومان بین و نەگەینە یەقین، پەیوەندی نوێی زانست و فەلسەفەش لەوەدایە کە ناکرێت زانست لە فەلسەفە پاك بکرێتەوە، فەلسەفە هەمیشە لەناو زانستەکاندا زیندووە و کارایە، فەلسەفە باوەڕی بە زانست هەیە بەوەی هەمیشە زانینی نوێ و ناسینی زیاترمان بداتێ و لە بیرو باوەڕە خورافی و غەیبانییەکانمان دوور کاتەوە.

فەلسەفە و زانست:

کارل یاسبەرز(1883–1969) فەیلەسوفی بوونخوازیی نوێی ئەڵمانیا ئەڵێ:(فەلسەفە لەسەرەتادا خۆی بە زانست ژمارد، زانستێك لە یەکەمین تەرزدا، ئامانجی کارپێکەرانیشی بەدەستهێنانی بڵندترین پلەی زانینی

یەقینی بوو.) (17) سرووشتی زانستییانەی فەلسەفە دوای جیابوونەوەی زانستەکان و سەربەخۆبوونیان کەوتە ژێر پرسیارەوە.بەتایبەتیش لە سەدەی نۆزدەمدا کە زانستەکان گەشەیان کرد و هەنگاوی گەورەیان لە دەرەوەی چوارچێوەی فەلسەفە هاویشت.بەم شێوەیەش باسی مردنی فەلسەفە هاتە پێشەوە.

خوشوسیتنی زانست لە جیاتی خوشویستنی حیکمەت لە سەدە نوێکاندا هاتە ئاراوە. فەلسەفە و حیکمەت و زانست کە کایەیەکی یەکگرتوویان پێکدەهێنا لە کۆندا، دەستی بە هەڵوەشانەوە کرد. زۆرێکیش لە زاناکان پەیدابوون کە هیچ بایەخێکییان بەفەلسەفە نەدەدا. ئەمە لە کاتێکدا کە سەرەتای زانستەکانی وەك (فیزیا و کیمیا و ماتماتیك و زانستی فەلەك و هتد...) لە فەلسەفەوە سەریانهەڵدا.وەك لە لای تالیس و ئانسیمندەریس و ئەنکسیمانس لە سەدەی شەشەمی پێش زایین و ئەرستۆش کە خۆی چەند فەیلەسۆف بوو ئەوەندەش زانابوو لە فەلەکدا.بەم شێوەیە لە سەرەتادا فەلسەفە و زانست ئاوێتەی یەکدی بوون لە خوێندنگە فەلسەفییە کۆنەکاندا، رواقییەکان هەڵسان بە هێنانی زانستە فەلەکییەکان بۆ شەرح کردنی رەفتاری مرۆڤایەتی.هەروەك چۆن فەلسەفەی فیساگۆرس بناغەکەی ماتماتیك و ژمارە بوو.

لە چەرخی نوێدا جیابوونەوەی فەلسەفە و زانست بەدیارکەوت.زانست زیاتر بەرەو تایبەتمەندی و دابەشبوون رۆیشت. هەر زانستێك بابەتێکی سەربەخۆ و میتۆدێکی تایبەت کە کەرەستەی خۆی هەیە دەستنیشان کرد.

بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا فەلسەفە لە کارکردنی خۆیدا بەردەوام بوو.کانت، دوو ئەرکی بۆ فەلسەفە دەستنیشان کرد کە زانست ناتوانێت ئیلغایان بکاتەوە. یەکەمیان: دەتوانین چی بزانین؟ دووەمیشیان پێویستە چی بکەین؟ بەم شێوەیەش ئەو لەو تەقلیدە دەرناچێت کە حیکمەت دەکاتە دوو بەش: حیکمەتی وتەزای ئەقڵی و حیکمەتی کردەیی.ئەمەو پەیوەندی لە نێوان جیهانی نوێ و فەلسەفەدا نەپچڕاوە.(18)زۆرێکیش لە زاناکانی سەردەمی نوێ بەرهەمی فەلسەفیشییان هەبووە، وەك کلۆد برنارد،هنری بوانکارێ،ئەنیشتاین و بروگلی.

ئۆگۆست کۆنت دوای جیاکردنەوەی جەوهەر و دیارگەرایی، پێویستی ئەوەی هێنایە گۆڕێ کە واز لە تەماهییە میتافیزیکییەکان بێنین بە گەڕان لە جەوهەری شتەکاندا.و لێکۆڵینەوە تەنیا لە شتە دیارەکان بکەین کە دەبینرێن. بەمەش فیزیا شوێنی میتافیزیکی کۆنی گرتەوە.ئەم دیدەی کۆنتیش لە تیۆرەکەی لەمەڕ (قانونی سێ حاڵەتەکان) بەرجەستە بوو کە فکری بەشەری پیایدا تێپەڕ دەبێت:

1.حالەتی لاهوتی.

2. حالەتی میتافیزیکی.

3. حالەتی وەزعی (پۆزەتیڤیزم)

بەم شێوەیەش تیۆری پۆزەتیڤیزم زانستی لە شوێنی فەلسەفە دانا. بۆیەشە دوای ئەوە هێنری برگسۆن و ئەمیل دۆرکهایم هەڵوستێکی تەوفیقییان ئاواکرد لە نێوان فەلسەفە و زانستدا. بەوەی مرۆڤ هەڵوێستێکی دوانەیی هەیە بەرامبەر بە دیاردەکان:

1. یان واقعی مادی بە هەستەکانەوە درکی پێدەکرێ.

2. یان واقعی روحی به حەدەسەوە درکی پێدەکرێ.

بەم شێوەیە مادە لە لایەکەوە زانستە سرووشتییەکان دەستی تێوەردەدەن کە لە ڕێی هەستەوە دەبنە خاوەن بەهایەکی مەعریفی بۆ گەردوون. لە لایەکی تریشەوە جیهانی روح فەلسەفە درکی پێدەکات.کە ئەویش بەهایەکی مەعریفی زانستی پۆزەتیڤزم و راستی هەیە. ئەم فەلسەفەیە مادەی فیزیایی رەت دەکات و دەتوانین پێیبڵێین میتافیزیك. ئەم دیدە زانست و میتافیزیکی وا دیت کە هەر یەکەیان بایەخ بە کایەیەکی دیاریکراوی واقع دەدات.کە پەیوەندییان بە بابەتی یەکترەوە نیە. دۆرکهایم ئەم دیدەی وا روون کردۆتەوە:

1. حوکمی واقع: وەسفی کۆمەڵە واقعێکی دیاریکراو یان پەیوەندییەکانییان دەکات، کە ئەمەش خەسڵەتی زانستە.
2. حوکمی بەها: وەسفی بەها بۆ ئەو ئەو واقعە دیاریکراوانە دەکات بۆ خودێکی هوشیار. ئەمەش تایبەتە بە میتافیزیك.

ئەم دیدە تەوفیقیە جیاکاری نێوان مادەی کایەی زانستی و روح کە کاری فەلسەفەیە دەکات.ئەم دیدەش کاری کردە سەر دابەشکردنی فەلسەفە بۆ چوار گرێژەنە:

1. دەروونناسی.
2. مەنتق.
3. ئەخلاق.
4. میتافیزیك.

ئەم دابەشبوونە بنەماکەی دوانەیی روح و مادەیە.دەروونناسی لەم دابەشکردنەدا بایەخ بە کایەی (روح) یان دەروون ، دەدات. بەمەش دەچێتە هەناوی فەلسەفەوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە بایەخ بە( وەقائعی روحی) تاکی(دەروونناسی)یان کۆمەڵی (کۆمەڵناسی) دەدات. هەر یەك لەم گرێژەنانە کە سەرەتا فەلسەفی بوون دوای پێشکەوتنی زانست لە فەلسەفە جیابوونەوە. مەنتق لە رەوڕەوەی پێشکەوتنیدا لە زانستی ماتماتیك نزیك دەبێتەوە.ئەخلاق لە ڕێی ئازادبوونی لە فەلسەفە دەبێتە زانستی سیاسەت. ئەوەی دەمێنێتەوە میتافیزیکە کە دواجار کانت هەوڵ دەدات بنەما زانستییەکانی دەست نیشان بکات.(19)

فەلسەفە، میتافیزیك و فیزیك:

دواتریش دەبینین دژە میتافیزیایەکی گەورە هێرش دەکاتە سەر میتافیزیك کە ئەویش هزری مارکسییە.کە هزرێکە هەم وەك شۆڕشێکی زانستی و هەم وەك شۆڕشێکی فەلسەفی خوێندراوەتەوە.

1. شۆڕشێك لە زانستدا: بەدامەزراندنی زانستێك بۆ مێژوو.(ماتریالی مێژوویی) بابەتەکەی چۆنییەتی گواستنەوەی کۆمەڵگەکانە لە شێوەیەکی بەرهەمهێنانەوە بۆ شێوەیەکی تری بەرهەمهێنان.
2. شۆڕشێك لە فەلسەفەدا:دامەزراندنی ڕێسای مەرەسەکردنێکی نوێی فەلسەفی (ماتریالی دیالکتیکی)کە بابەتەکەی:مێژووی بەرهەمهێنانی مەعریفەیە.

فەلسەفە گۆڕا بۆ زانستی قانونەکانی هزر بەبێگەردی(الخالصه) دیالەکتیك وەك مەنتقێك بۆ ئەم ڕوانینە ئیدیۆلۆژی زانست بەسەر فەلسەفە وەك ئیدیۆلۆژی دەسەپێنێت.خوێندنەوەی فەلسەفی لەسەر دوو پایە رادەگرێت:

1.پێشبەرکردنی ئاریشەی مەعریفە وەك گرنگترین ئاریشە لە فەلسەفەدا.(گرنگترین ئاریشەش) دەگۆڕێتە سەر (تەنیا ئاریشە) لە خوێندنەوەی سادەی مەزهەبە فەلسەفییەکاندا، فەلسەفەش پۆلین دەکرێتە سەر (مادییەکان) و (مسالییەکان) لە ڕووی تیۆرییەوە تەسفیە دەکرێن بێ خوێندنەوەیان.

2.گەورەکردنی رۆڵی هیگڵ لە فەلسەفەدا،هەتا ئیعتبارکردنی هیگڵ یەکسانە بە فەلسەفە. ئەمەش بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەدا نەگەڕێنەوە سەر غەیری ئەو لە لایەك و لەلایەکی تریش مادام مارکس خوێندنەوە و رەخنەی بۆ کردووە خوێندنەوەی هیگلیش دەستی لێ هەڵبگیرێ. بۆیە تێبینی سارتەر لە جێی خۆیبوو لەبارەی (تەنبەڵی مارکسییەکان لە ڕووی فەلسەفییەوە)(20)

دوای ئەوە دەبینین زانستەکان وەك دەروونناسی لەگەڵ فرۆیددا بابەتی خۆی نوێ دەکاتەوە. بابەتەکەی دەبێتە (نائاگایی) لە کاتێکدا دەروونناسی بابەتەکەی (ئاگایی)یە لە قۆناغی فەلسەفیدا.مەنتق دوای ئازادبوونی لە فەلسەفە دەبێتە زانستی بیرکاری. ئەخلاق لەگەڵ میکافیلیدا بابەتەکەی دەبێتە دەسەلات،دەگۆڕێتە سەر زانستی سیاسەت و سەربەخۆ لە ئەخلاق. بەم شێوەیە میتافیزیك دەکەوێتە هەوزینگدان لەبەرامبە هزری دیالکتیکی کە هیگڵ دەستی پێکرد و مارکسییەتیش ئەنجامیدا.

تا نیچە دێت و جارێکی دیکە تێگەی میتافیزیك لە سیاقی خەملاندنی لە مێژووی فەلسەفەدا دەخوێنێتەوە بەدەستپێکردن لە دامەزرێنەی یەکەم (سوکرات) لە قۆناغی هزری گریکیدا.کە قۆناغێکە نیچە زۆر بایەخی پێدەدات.

حیکمەت لە فەلسەفە و ئەدەبدا:

هەر چۆنێك بێت، ئەگەر ئەمرۆ یەکێك لە ئەرکەکانی فەلسەفە بەرهەمهێنانی حیکمەت و هزر بێت، ئەتوانین ئەو پرسیارەش بکەین کە ئایا پەیوەندی ئەدەب بە حیکمەت و هزرەوە چیە؟ ئایا ئەدەبیش ئەرکی ئەوەیە حیکمەت و هزر بەرهەم بهێنێت؟ ئەی ئەگەر هەردوو کایەی فەلسەفە و ئەدەب یەکێ لە ئەرکەکانییان بەرهەمهێنانی حیکمەت و هزر بێت، ئایا ناکرێت لەم خاڵەدا هاوبەش بن؟ ئایا ناکرێت ئەدەبیش وەك بەکارهێنانێکی نائەکادیمی بۆ فەلسەفە تەماشای بکرێت؟ ئایا ئەدەبیش فەلسەفەی خۆی نیە؟ هەروەها فەلسەفەش ناتوانێت خوێندنەوە بە ئەدەب ببەخشێت؟ محەمەد ئەلغامدی پرسیار دەکات: ( بۆ دەبێت فەلسەفە بایەخ بە ئەدەب بدات و شێوازە شیاوەکانی ئەم بایەخە چین؟ ئایا ئەم بایەخە بەرهەمی مەبەستی گشتگیری فەلسەفەیە کە لە غیابی هەر بابەتێکی دیاریکراودا هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی؟ بەو مانایەی کە ئەدەبیش وەك قانون و دین و هتد..، ئەبێتە بابەت بۆ فەلسەفە . کە ئامانج لێی کەشفکردنی دەلالەتە جەوهەرییەکان و بەخشینی بنەمایەکی ئەقلی و وردکردنەوەی سنووری هەوڵەکانییەتی، فەلسەفە بابەتێك بۆ بیرکردنەوەی

فەلسەفی بە ئەدەب دەبەخشێت) (21) ئەگەر کەمێك لەسەر ئەم وشانەی محەمەد ئەلغامدییەوە بوەستین ئەتوانین چەند پنتێك دەستنیشان بکەین، لەوانە :

ئەگەر یەکێك لە ئەرکەکانی فەلسەفە بەخشینی بنەمایەکی ئەقڵی بێت بە بابەتەکان و لەوانەش ئەدەب ، واتە بەرگی فەلسەفە بکەتە بەر ئەدەبدا، بەو مانایایەی (ئەقڵ) بە ئەدەب ببەخشێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەقڵ لە ئەدەبدا سەروەر بکات.ئایا سەروەرکردنی ئەقڵ دەبێتە سەروەرکردنی ئەدەبیش؟ پێموایە ئەگەر سەروەریشی نەکات، بەڵام کارێك دەکات کە سەخت بێت بتوانین ئەدەب لە فەلسەفە پاك بکەینەوە وەك چۆن ناتوانین زانستی لێ پاك بکەینەوە، هەروەها لە سەرێکی تردا پەیوەندی فەلسەفە و ئەدەب لە مەسەلەی گەڕان بەدووی راستی و وەڵام بۆ پرسیارەکانی مرۆڤ وا دەکات فەلسەفە و ئەدەب ئاوێتەی یەکدیش بن، ئەم دیاردەیە رەنگە لای نیچە و سارتەر لە جوانترین وێنەی خۆیدا دەرکەوێت، نیچە بە بەرهەمەکانی هەم فەیلەسوفبوون و هەم شاعیربوونی خۆی بەیان دەکات. سارتەریش لە رێی نووسینەکانی هەم فەیلەسوفبوونی خۆی و ئەدیببوونی خۆی دەسەلمێنێ.تەنانەت رەنگە لە لای سارتەر ئەدەبەکەی هەرگیز لە فەلسەفە بوونخوازییەکەی جیا نەکرێتەوە. هەروەها دیسانەوە لە لای سۆفی و فەیلەسوفی گەورە سوهرەوەردی هەمان شت دەبینینەوە، کە لە پێناو فەلسەفەی ئیشراقی خۆیدا پەنا دەباتە بەر زمانێکی چیرۆك ئامێز و شعر و زمانی پەلەوەر و باڵندە و ئەدەبیاتێکی زێدە ناسك و تەڕ.

ئەمانە هەمووی لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە، مەسەلەی زمان و فەلسەفە و دواتریش زمان و ئەدەبیش یەکێکە لەو بابەتانەی کە ئەم بابەتەمان پێکەوە ببەستێتەوە، بەوەی ئەگەر لە فەلسەفەی کلاسیکدا زمان، ئامرازی هەڵوەشانەوە و گەیاندنی فەلسەفە بووبێت و لە ئەدەبیشدا ئامرازی گەیاندنی مانا و هزر بووبێت ئەوە لە فەلسەفەی نوێدا زمان ئامرازی گەیاندنی هزر نیە بەڵکو بەرهەمهێنەری هزرە، لە ئەدەبیشدا زمان ئەرکی گەیاندنی مانا نیە بەڵکو خوڵقێنەری مانایە.واتە زمان خۆی لە خۆیدا هەبوونە، بەتایبەتیش لەگەڵ پێشبەرییەکانی (هایدیگەردا) کە زمان تێیدا لێکۆڵینەوە لە فکر و فەلسەفەدا ئەکات نەوەك لە دانانی سستەمەکانی فکری. ئەفلاتون وەك یەکێك لە یەکەمین لێکۆڵەرەوەکانی زمان، جەختی لەسەر توانای ناو دەکردەوە بۆ بەرجەستەکردنی ناولێنراو و توانای دال لە تەعبیرکردن لە مەدلول، ئەرستۆ پێی وابوو ئاخاوتن نواندنی گۆڕانکارییەکانی روحە و نووسینیش وێنەیەکە بۆ گۆڕانکارییەکانی دەنگ، قەدیس ئۆگستین پێی وابوو زمان ناتوانێت هەقیقەت بگەیەنێت، لەگەڵ هایدیگەردا (زمان ماڵی هەقیقەتی هەبوونە، مرۆڤیش پاسەوانی ئەو ماڵەیە و لە پاڵ ئەرکی پاراستنی ئەو ماڵەشدا ئەرکی راڤەکردنیشی لە ئەستۆدایە. زمان بەشدارە لە تێگەیشتن لە ئاریشەکانی هەبوون، زمانی راستەقینەش ئەوەیە کە بتوانێت تەعبیر لە هەبوون بکات، زمان هەبوونێك نیە تەنیا لە پەیوەندیمان پێیەوە هەبێت، بەڵکو پەیوەندی چنراومان لەگەڵیدا گرنگترین و سەرەکیترین پەیوەندییە، ئەو جیهان دەجوڵێنێت و بەمەش هەبوون لە رێی زمانەوە بۆ مرۆڤ بەرجەستە دەبێت. زمان حەشارگەی فکر و ماڵی هەبوونە، زمان هەبوون لە تاریکییەوە رادەپێچێتە رووناکی.بۆیە هایدیگەر جەخت دەکاتە سەر شاعیرەکان و شعرییەتی وشەی وتراو، چونکە شاعیرەکان هێزی زمان بە زمان دەبەخشن بۆ ئەوەی رووبچێتە قوڵاییەکانی هەبوونەوە.بۆیەشە هایدیگەر ئەڵێت شعر هیچی لە دامەزراندنی هەبوون کەمتر نیە)(22)

هەروەها لای هایدیگەر (هیرمنیوتیک تەنیا تەفسیرکردنی تێکست و پەڕتووک نیە بەڵکو تەفسیرکردنی بوونی مرۆڤە یان بوونە بە ڕێگای بوونی مرۆڤدا.تێگەیشتنیش پێش تەفسیر کردن دەکەوێت،تێگەیشتنیش پێویستییەکی هەرە گەورەی بە زمان هەیە، زمانیش شێوازێکی کۆمەڵایەتییە)(23)

لەم پێشەکییە کورت و خێرایەی سەرەوەدا لەوە ئەگەین، فەلسەفە و ئەدەب، لە دوو رووەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵییان پێکەوە هەیە و دەگاتە رادەی ئاوێتەبوونیش، یەکەمیان: سرووشتی فکرییانەی فەلسەفە و ئەدەب و بەرهەمهێنانی حیکمەت و هزر، دووەمیشییان زمان و بەرهەمهێنانی مانا.

واتە دەتوانین بڵێین هەم ئەدەب و هەم فەلسەفە دەتوانن لێکۆڵینەوە لە رەشبینی و بێ ئومێدی بکەن و هەمیش فکرەی رەشبینی و بێ ئومێدی و هەمیش مانای رەشبینی و بێ ئومێدی بەرهەم بێنن.

کەواتە نووسینیش دەتوانێت و شیاویشە، هەم باس لە نائومێدی روحی بکات و دواتریش باس لە روحی نائومێدی بکات.

* * * * * * *

ژێدەرەکانی ئەم بەشە


1. قصه الفلسفه، ول دیورانت.ترجمه فتح الله محمد المشعشع، منشوات مکتبه المعاف بیروت. 1988 لاپەڕە 385
2. (هێنری تۆماس و دانالی تۆماس، بەسەرهاتە نەمرەکان لە فەلسەفەدا، وەرگێڕانی دڵشاد کازم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، 2006)
3. فلسفه- ویکبیدیا، الموسوعه الحره.(http:wikpedia.org)
4. عبدالرحمن بدوی،مدخل جدید الی الفلسفه،وکاله المگبوعات. 1975
5. ویکبیدیا، الموسوعه الحره.
6. قصه الفلسفه، ول دیورانت.ترجمه فتح الله محمد المشعشع، منشوات مکتبه المعاف بیروت. 1988 لاپەڕە 11
7. عبدالرحمن بدوی،مدخل جدید الی الفلسفه،وکاله المگبوعات. 1975
8. ویکبیدیا الموسوعه الحره.
9. هەمان سەرچاوە.
10. فردیك نیتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغریقي، تعریب: الدکتور سهیل القش
11. ویکبیدیا الموسوعه الحره.
12. فردیك نیتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغریقي، تعریب: الدکتور سهیل القش
13. عبدالرحمن بدوی،مدخل جدید الی الفلسفه،وکاله المگبوعات. 1975

14.عبدالرحمن بدوى،مدخل جديد الى الفلسفه،وكاله المگبوعات. 1975
15.ويكبيديا، الموسوعه الحره.
16.فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
17.فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
18.فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
19.فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
20.فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
21.محمد الغامدي، فلسفه الادب، ويكبيديا الموسوعه الحره.
22.قزحيا ياسين، انگولوجيا اللغه عند مارتن هيدجر/ تأليف اباهيم احمد/ الناشر الدا العربيه للعلوم.
23.د.محەمەد کەمال،نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە لاپەڕە 45 لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2005

سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕائەکێشم کە لە سەرچاوەی فردیك نیتشە، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش، تەنیا سوودەم لە پێشەکییەکەی د. سهيل القش وەرگرتووە. چونکە ئەم باسە ئامادەکردنە ، خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی ئەو سەرچاوەیە و سەرچاوەکانی تریش سوود و زانیاری زیاتر و باشتر بەدەستەوە دەدەن.

## فەلسەفەی ڕەشبینی شۆپنهاوەر

تایبەت بەم باسەمان پێویستیمان بە فەلسەفەی ڕەشبینی شۆپنهاوەر هەیە، بۆ باسکردنی ئەم باسەش لەگەڵ کورتکردنەوەی باسەکەمان لەسەر ئەم لایەنە لە فەلسەفەی شۆپنهاوەر پێویستیمان بە پێشەکییەك هەیە لەسەر شۆپنهاوەر، بۆیە سەرەتا پێش ڕووچوونە ناو بابەتەکە پێشەکییەك لەسەر شۆپنهاوەر پێشکەش دەکەین.

* * * * *

(شۆپنهاوەر بە سرووشتی خۆی بە تیژترین شێوەی یاخیبوون، یاخیبوو.بە توندترین وێنەی سەرڕەقی کەللەڕەق بوو، ئەم سرووشتە دڵسۆزی لە کەسەکاندا ناناسێت، هەر چەند بلیمەتیش بن، چونکە یاخیبوونەکەی زیاتر یاخیبوون بوو لەسەر خەڵکی نەوەك یاخیبوونێك بێت لە مەملەکەتی بیردا، وەك چۆن لای نیچە وابوو، یاخیبوونەکەی شۆپنهاوەر یاخیبوونێکی تاڵ و گوماناوی نەرێنی بوو، بەلاّم یاخیبوونی نیچە گەرم و ئەرێنیّ بوو، یەکەمیان لەگەڵ دڵسۆزی و هۆگربوون بە کەسەکانەوە ڕێکناکەوێت،بەلاّم

دووەمیـان دڵـسۆز و هـۆگرە، بـەڵام دوای کـەمێك هەڵئەچـێت، لـە یەکەمیانـدا تـاڵی و تورەبـوون، لـە دووەمیشیاندا توند و تیژی، یەکەمیان جێگیر و رێك، ئەوەی تر گۆڕاو و ودژ و مەیلی گـۆڕین و جیـاوازی هەیـە، بۆیـە یەکـەمیان یاخیبوونەکـەی لـە یـاخیبوونی پیرێکـی بەتەمـەن ئەچـێت، دووەمیـشیان زیـاتر لـە یاخیبوونی گەنجێکی پیتۆڵ ئەچێت.)

لە کتێبی "شوبنهور/ عەبدولرەحمان بەدەوی"

(شـۆپنهاوەر (1788–1880) فەیلەسـوفێکی دیـاری مێـژووی فەلـسەفەی رۆژئاوایـە، چـونکە یەکـەم فەیلەسوفی رۆژئاوایی بووە جەختی لەسـەر (ئـیرادە) کـردووە نـەوەك (عـەقڵ) هـەروەها یەکـەم فەیلەسـوفی رۆژئاوا بووە رووی کردۆتە رۆژهەڵات، بەتایبـەتیش هندسـتان و مەزهـەبی بـودا. بـۆ سـرووش وەرگـرتن لـە فەلسەفە میتافیزیکی و ئەخلاقییەکەی کە وەك ئەوە وایە لەسەر بیرۆکەی (نێرڤانا) دامەزراوە.
فەلسەفەی شۆپنهاوەر هەوڵی رزگارکردنی مرۆڤ ئەدات، بـەڵام ئـەم رزگارکردنـە دوو پلـەی هەیـە: یەکـەمیان رزگارکردن بە هونەر واتە رامانکردنی گەردوون و ژیان بە رامانێکی بێگەرد و خاڵی لـە گـەردەکانی ئـیرادە. ئینجا رزگاربوون بەبێگەردی کە بە تێکشکاندنی ئیرادە سەرچاوەی هەموو خراپییەکان لـەو جیهانـەدا ئـەنجام دەدرێت)

لە کتێبی "الفرد في فلسفه شوبنهور/ فؤاد کامل"

سەبارەت بە شۆپنهاوەر، عەبدولرەحمان بەدەوی لە کتێبەکیـدا(شـۆپنهاوەر) ئـەڵێ: (رەخنـەگرەکان زۆر لەسـەر سرووشتی کەسایەتی شۆپنهاوەرەوە ناکۆکن،بـەوەی شـۆپنهاوەر لەگـەڵ کامـە بلیمەتـەکان بـژمێرن، بلیمەتـە وجودییەکان یان هزرییەکان) (1) بەو مانایەی کە ئایا فەلسەفەی شۆپنهاوەر زادەی ژیان و بـوونی خۆیـەتی یان زادەی بیرکردنەوەیەتی.
بە سەرنجدان لە ژیانی شۆپنهاوەر رەنگە ئەو رایە لای ئێمە دروست بێـت کـە ئـەو فەیلەسـوفێکە لـە جـۆری دووەم، بـەوەی فەلـسەفەکەی و ژیـانی دوو بابـەتی لێـك جیـاوازن، ئـەوەی ئـەو لەفەلـسەفەکەیدا پێـشبەری ئەکات، دوورە لە ژیانی راستی خۆی، ئەو کوڕی ناخۆشی و دەردەسەرییەکانی ژیان نەبووە، ئێش و ئـازاری برسییەتی و نەبوونی نەچێشتووە، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لە دایك بووە، باوکی بازرگانێکی زەنگین بـووە، لە رووی مادییەوە ژیانێکی ئاسوودەی بۆ ماڵەکەی پێکهێناوە. شـۆپنهاوەریش سـوودی لـەو رەوشـە دیـوە و پـەروەردەکردنێکی چـاکی بـۆ هەڵکـەوتووە، کـە بـۆ زۆربـەی کەسـە بلیمەتـەکان هەڵنەکـەوتووە. لـە رووی خوێندنـەوە شـۆپنهاوەر ئـازاد بـووە و لـەوەی چ بخوێنێـت، هـەر بۆیەشـە نـوژداری و زانـستی پزیـشکی خوێندووە، دواتریش رووی کردۆتە فەلسەفە، لە زانکۆکـانی گیتـنگن و بـەرلین، دوای وەرگرتنـی دکتـۆرای

یەکەمیشی سوودی لەو ڕەوشە مادییە باشەی خۆی وەرگرت و ناچار نەبوو بەوەی هیچ کارێك بۆ نان پەیداکردن بکات، ئەمەش ئەو زەمینەیەی بۆ خۆش کرد بەتەواوی خەریکی فەلسەفەکەی بێت و بەدووی ئەو ئامانجەدا بڕوات کە هەستی ئەکرد بۆ ئەوە ئەژی.

دیارە لێرەدا ئەمویت تۆزێك هەڵوەستەیەك لەسەر مەسەلەی کار و مرۆڤ بکەم ، بەتایبەتیش کار و بلیمەتەکان.

زۆرێك لە فەیلەسوفەکان، کاریان کردووە و بەتایبەتی وەك مامۆستای زانکۆیی خەریکی وانە گوتنەوەی فەلسەفی یان گوتنەوەی فەلسەفەکانییان بوونە، شۆپنهاوەریش ماوەیەك لە زانکۆ کاری کردووە، بەڵام کارەکەی ئەو بۆ نان پەیداکردن نەبووە، بەڵکو بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕو فەلسەفەکەی بووە، هەر بۆیەش دوای ماوەیەکی کورت هەست ئەکات کە وانەگووتنەوە کاری ئەو نیە و بەردەوام نابێت.دواتریش ئەبینین کە وازهێنانی لە وانە گوتنەوە لە زانکۆ ئەبێتە کێشەیەکی فەلسەفی و ئەخلاقییانە لەنێوان فەلسەفە و زانکۆدا.

ئازادبوونی شۆپنهاوەر لە کار و نان پەیداکردن و زانکۆ و وانەگووتنەوە، زەمینەیەکی ئازادی لەباری بۆ ڕەخساند بەوەی بە ئازادی خۆی بنووسێت و کارە فەلسەفییەکانی ئەنجام بدات، بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی زانکۆیی و فێرکردن یان کەنیسە یان دەوڵەتی لەسەر بێت،بەڵکو ئەو بەو ئازادییە کاری کرد بەوەی وەك خۆی ئەیەویت بێ کاریگەری لایەنەکان کاری خۆی بکات و بنووسێت و بەرهەمەکانی بڵاوبکاتەوە، بەمەش وەك نیچە ئەڵێت: (بەم کارەی نە هەر ڕوحی بەڵکو جەستەشی ئازاد کرد) (2)

سەبارەت بەم ئازادییەی شۆپنهاوەر لە کەنیسە و دەوڵەت و زانکۆدا عەبدولرەحمان بەدەوی ئەڵێت ئەوە یەکەمجار بوو لە مێژووی هزری ئەڵمانیدا جەستە ئازاد بێت، پێش شۆپنهاوەر زۆرێك لە فەیلەسوفان سووتاوی بیرو باوەڕەکانی کەنیسە و دەوڵەت و زانکۆ بوون، زۆریان ناچاربوون دەست لە فەلسەفە تایبەتییەکانی خۆیان هەڵبگرن یان بیرورا فەلسەفییەکانییان بگۆڕن لە پێناو بەرژەوەندی دەوڵەت و کەنیسە و زانکۆدا، نموونەش بە کۆمەڵێك لە فەیلەسوفەکان دێنێتەوە وەك (لیبنتز) کە لە ئەنجامی تێکەڵابوونی بە سیاسەتی ئەورووپی کەوتە بن دەسەڵاتی کەنیسە و دەوڵەت و بە ئاگری ئەوانەوە سووتا، بووە زورناژەنێکی کەنیسە و کۆیلەی، هەروەها فەیلەسوفی بەناوبانگ (هیگڵ) کە لە ژێر چەپۆکی زانکۆدا ئازادی زەوت کرا، هیگڵ کۆتەکانی زانکۆ و دەوڵەت و کەنیسەی لە سینەدا کۆکردبۆوەو دەنگی ئازادییان تێدا کزکردەوە، هەر بۆیەش شۆپنهاوەر هێرشێکی زۆری ئەکردە سەر هیگڵ و ڕقی لێبوو. تەنانەت هێرشەکانی گەیشتنە ڕادەی گاڵتەپێکردن و سووکایەتی کردنیش.

بەڵام شۆپنهاوەر بایەخی بەم دەسەڵاتانە نەدا، نە کەنیسە و نە زانکۆ و نە دەوڵەت، هەموو کاتێکیش لەگەڵ دەسەڵات بوو، ئەمەش لەبەر خۆشەویستی بۆ خودی دەسەڵات نا، بەڵکو بۆ پاراستنی نیزام بوو، چونکە ئەو لە خەمی ئاسوودەیی دەوڵەت نەبوو، بەڵکو زیاتر خەمی ژیانی خۆی بوو کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێکوپێك بوو و نەیدەویست بە گۆڕینی ڕژێم و سستەم ، سستەمی ژیانی ئەویش تێك بچێت، واتە ئەو لە پێناو پاراستنی جۆرە ژیانی خۆی بوو کە بەرژەوەندییەکانی تێدا پارێزراو بوون. هەر بۆیەشە لە ساڵی 1848 دژی ئەو شۆڕشە بوو کە لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا.

لە لایەکی تریشەوە شۆپنهاوەریش یەکێك بوو لەو کەسانەی لە بن کاریگەری بیری نێونەتەوەیی بوو کە لە کۆتاییەکانی چەرخی هەژدە و سەرەتاکانی چەرخی نۆزدەدا سەریهەڵدا و بەسەر هزری ئەڵمانیدا بڵاوبوو، وایکرد کە نیشتمانیبوون بایەخی لە لا نەبێت و وڵاتانی تریش وەك ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئیتاڵیا لە پاڵ ئەڵمانیادا نیشتمانی بن. یەکێك لە نەزعە رۆشنگەرییەکانی ئەو بیرۆکەیە لەو سەردەمەدا ئەوەبوو فەیلەسوف بە دەوڵەت بڵێ (دەستم لێمەدە).دەوڵەت لەسەرییەتی تاکەکان بپارێزێ، لەبەرامبەریشدا دەوڵەت داوا لە بیرمەند بکات رێگەی خۆی بگرێت، وەك نیچەش بۆی ئەچێت کە ئەم نەزعەیە رێگەیەکی باشە بۆ ئەوەی بیرمەند کاری هزری خۆی بکات، چونکە ئەو بیرمەندەی کاری هزر ئەکاتە خەمی خۆی کاری سیاسەت و حیزب ناکات. باشتریشە بیرمەند تێکەڵی سیاسەت و حزب نەبێت چونکە تێکەڵبوونی کەسانی نەشارەزا لە کاری سیاسەتدا دەوڵەتیش خراپ ئەکات.بەڵام لە کاتی تەنگانە و پێویستیشدا بیرمەندیش لە سەنگەرەکانی بەرگریدا پارێزگاری وڵات ئەکات، ئەمە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نیە.

بایەخی دەوڵەت بە فەلسەفە، مەترسییە بۆسەر فەلسەفە، ئەوەی بە پاراستنی فەلسەفەوە ناسراوە لە لایەن دەوڵەتەوە حوکمی لە سێدارەردانی فەلسەفەیە. چونکە یەکێك لەخەسڵەتەکانی فەلسەفە پرسیارکردن و گۆڕان و گەڕانی بەردەوامە، دەوڵەتیش بە پێچەوانەوە چاوگی نەگۆڕان و چەقبەستنە، دەوڵەت بە سرووشتی خۆی دژی فەلسەفەیە، سرووشتی فەلسەفە نوێکاری و داهێنان و تێپەڕاندن و خەلقکردنی بەردەوامە، بەم شێوەیەش دەوڵەت بەناوی پاراستنەوە ئەیوێت کۆنترۆڵی گووتاری فەلسەفە بکات، دەست لە سرووشتی فەلسەفە وەردات و بیگۆڕێت و فەیلەسوفیش بکاتە کۆیلەی خۆی. دەوڵەت رەنگە ئەو فەلسەفەیە بپارێزێت کە مەترسیدار نیە بۆ بەرژەوەندییەکانی، فەلسەفەیەك کە تەباییە لەگەڵ ئامانجەکانی دەوڵەت، بەڵام فەلسەفەی راستەقینە فەلسەفەیەکی مەترسیدارە، فەلسەفەیەکی بریندارکەرە، بەڵام دەوڵەت ئەم جۆرە فەلسەفەیە ناپارێزێ چونکە ئەو تەنیا بە کۆمەڵێ بنەمای سووك و گشتی میللی دەژی و لێناگەرێت لەو بنەمایانە دەرچین یان قوڵ ببینەوە و لەدواوەیان بکۆڵینەوە، بۆیە نیچە دەڵێت:(ئەو فەیلەسوفەی رازییە بەوەی ببێتە فەیلەسوفی دەوڵەت،پێویستە رازیش بێت وا تەماشای بکرێت کە وازی لە مافی گەڕان بە دووی هەقیقەت و نهێنییەکانیدا هێناوە، ئەگەر دەوڵەتیش فەلسەفەیەکی رەسمی بۆ خۆی دانا،تەنیا خۆی مافی ئەوەی هەیە جیاوازی لە نێوان فەلسەفەی باش و خراپدا بکات، دەوڵەتیش هەتا ئەگەر توانای جیاکاریشی هەبێت، ئەوە تەنیا ئەو فەلسەفەیە هەڵدەبژێرێت کە ئامانجەکانی جێبەجێ دەکات چا چ باش بێت یان خراپ)

هەر بۆیەشە دەبینین لە رۆمانی (کاتێ نیچە گریا)(3) نیچە ستایشی ئەو هەموو نەخۆشیانەی دەکات، کە وایانکرد نەتوانێت لە کاری زانکۆیی بەردەوام بێت و کارنەکات و مانگانەش برە پارەیەك وەربگرێت.

جگە لە نیچەش زۆرانێك لە بیرمەندەکان تووشی کێشە و بێشەی زۆر بونەتەوە لەگەڵ زانکۆکاندا، هەر بۆ نموونە فەیلەسوفی دانیمارکی (کێرگەگۆرد) کە بەزانکۆکانی دەگووت کارگەی قووتوون، هەموو شتێك لەزانکۆکاندا پێویستە لە قووتو یان قالب بخرێت،نەوەك تەنیا بیرەکان بەڵکو خوێندکارەکانیش،بۆیە زانکۆکان دژی ئازادی هزرین. (4)

لەسەر ئەو بنەمایەش شۆپنهاوەر دژی فەلسەفەی زانکۆ و فەیلەسوفەکانی وەستایەوە،چونکە دەوڵەت دامەزرێنەری زانکۆیە، بۆیە فەیلەسوف ملکەچی دەوڵەتە، فەیلەسوفی زانکۆ پێویستە باوەڕ بە باوەڕە باو و رەسمییەکان بێنێت، ناچارە کە دەبێت یان بەدوای بیرەکانی خۆیدا بڕوات کە لەم کاتەش دەبێت واز لەزانکۆ بینێت، یان ئەوەتا بەتەواوی ملکەچی زانکۆ و دەوڵەت بێت و واز لە ئازادی بیرکردنەوەی خۆی بینێت،ئەگەر وازیشی لە ئازادی بیرکردنەوەی خۆی هێنا ئەوە نابێتە بیرمەند، سەختە فەیلەسوف بتوانێت فەلسەفەی خۆی و وانەگووتنەوە لەزانکۆ پێکەوە کۆبکاتەوە.

یەکێك لە نموونە دیارەکانی فەلسەفەی ئەڵمانی فەیلەسوف هیگڵە، کە ملکەچی دەسەڵاتی دەوڵەت و کەنیسە و زانکۆ بوو، مەزهەبی هیگڵ لە دەوڵەت بەوەی ئامانجی باڵای هەموو ژیانی مرۆڤایەتییە و پێویستی بوونی ملکەچی رەها و فەنابوونی تەواو لەناویدا، بەو پێیەی دەوڵەت (بوونەوەری ئەخلاقی رەهای تەواوە) یان(دەوڵەت لە ئاکامی پرۆسەیەکی دیالیکتیکانەی پەرەسەندنی عەقڵ دا دێتە کایەوە. ئەو پرۆسەیەی عەقڵ بریتییە لە گەڕانی عەقڵ بەدوای ماهییەتی خۆیدا کە ئازادییە،دواجار لە دەوڵەت دا بەو ماهییەتەی خۆی دەگات) یان (دەوڵەت واقیعی ئازادییەکی بەردەست و هەستپێکراوی دیاریکراوە)(5) یان کە ئەم مەزهەبە زیاتر لەوە ئەچێت هیگڵ بەناچاری بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی دەوڵەت و قوزکێشیی بۆ دەسەڵات کردوویەتی، هەروەها سەبارەت بە کەنیسەش بەهەمان شێوە.

بەم پێیە گوزەرانی باشی شۆپنهاوەر و نەگەڕانی بەدوای نان پەیداکردندا، هاوکارییەکی گەورە و سەرەکی کرد بۆ ئەوەی لەزانکۆ دوورکەوێتەوە و منەتی بەوانەگووتنەوە نەبێت و هەڵوێستێکی فەلسەفی لەبەرامبەر زانکۆ و فەلسەفە و دەوڵەت و فەیلەسوفەکان بنوێنێت.

جگە لە باشی دارایی شۆپنهاوەر هەندێ هۆکاری تریش هەبوون بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن لە بایەخدانی فەلسەفی و پێگەیشتنی فکریدا، لەوانە کەسایەتی دایکی ، کە ژنێکی نووسەر و بلیمەت بوو، لە سەردەمی خۆیدا لە ئەڵمانیا وەك چیرۆکنووسێك ناسراوبوو، ماڵەکەی لە "ڤیمار" یانەیەکی ئەدەبی بوو، کە زۆر لە بلیمەتەکانی ئەوسای تێدا کۆئەبوونەوە، شۆپنهاوەریش لەو کۆبوونەوانەدا ئامادەبوو و هەر لەم ڕێیەشەوە گۆتەی ناسی. توانی بە نامەی دکتۆراکەی (الجزر الرباعي لمبدأ العله الكافيه) سەرنجی گۆتە رابکێشێت. هەر بۆیەشە شۆپنهاوەر و گۆتە پێکەوە پرۆژەیەکیان پێکەوەکرد سەبارەت بە تیۆری رەنگ.کە شۆپنهاوەر لێکۆڵینەوەیەکی باشی ئەنجامدا و گۆتەش لە کتێبەکەی (دیتن و رەنگەکان)دا تۆماری کرد، پەیوەندی شۆپنهاوەر و گۆتە پەیوەندییەك بوو هەم سەرنجراکێشان و هەم رەخنەگرتنییان بۆ یەکدی هەبوو، گۆتەش بڕوای وابوو کە شۆپنهاوەری گەنج چارەنووسێکی گەورەی لە فەلسەفەدا هەیە.هەرچەندە گۆتە پێشی وابوو کە شۆپنهاوەر روون نیە و زەحمەتە بۆ تێگەیشتن، چونکە شۆپنهاوەر هەمیشە خەریکی لایەنە تاریك و بێ بەهاکانی شتەکانە، بۆیە لە یادگارییەکانی شۆپنهاوەردا دەنووسێت :(ئەگەر دەتوێت بایەخی خۆت بزانیت، بایەخ ببەخشە جیهان)

شۆپنهاوەر بە سرووشتی خۆی توند و عەنید بوو،یاخیبوونەکەی زیاتر یاخیبوون بوو لە خەڵکی، نەوەك یاخیبوونێك بێت لە هزردا، ژیانی لە ڤیمار تاڵ و تاریك بوو، سرووشتی دایکی تەواو بەرەواژی سرووشتی کوڕەکەی بوو،دایکێکی جوان و نەشمیلانە بوو، زۆرێك لە پیاوەکان خۆشیان دەویست هەتا گۆتەش

هۆگری بوو، ژنێك بوو رووخۆش و توانای کۆکردنەوەی خەڵکی هەبوو، ژنێکی گەشبین و بە ئومێد بوو، بە پێچەوانەی شۆپنهاوەر کە زۆر رەشبین بوو، باوەڕی بەخەڵکی هەبوو و لەگەڵیان کۆدەبۆوە و بەسۆز بوو، بەڵام شۆپنهاوەر توڕە وتوند و بە کینە بوو لەگەڵ هەموو خەڵکی، باوەڕی بە کەس نەبوو، بۆیە عەبدولرەحمان بەدەوی ئەڵێ ئاساییە لەبەر هەبوونی ئەو دژایەتییانە لە نێوان دایك و کوڕدا کە خۆشەویستی و پەیوەندییان لەنێواندا نەمێنێت.بۆیەشە شۆپنهاوەر لە دایکی جیا ئەبێتەوە و لە ساڵی 1841 ەوە یەکتری نابینەوە.

جگە لەمەش شۆپنهاوەر لە ژیانیدا جگە لەکارنەکردنی و ژیانێکی ئارام و خۆش، هەروەها لە خۆشەویستی ژنانیشدا کەمتەرخەمی نەکردووە، چەندین پەیوەندی خۆشەویستی گرێداوە. بە پێچەوانەی بیروڕاکانی لەسەر ژنان و بە پێچەوانەی باوەڕەکانی خۆیشی بۆ وێنەی قەدیس، چونکە ئەو وێنەی قەدیسی بە نموونەی باڵای ژیانکردن دائەنا، بەڵام ئەو چ قەدیسێکە کە لە تەمەنی هەفتا ساڵیشدا ئەیتوانی مەفتونی پرچی زێرین و بەژن و باڵای شۆخێك بێت؟ شۆپنهاوەر کە داوای خەلاسی ئەکرد لە رێی ئینکارکردنی ئیرادەی ژیاندا؟بۆ مەفتونی ژن بوو؟، ئەگەر قەدیس بایەخ بە ژیان و کەرنەڤاڵەکانی نەدات، ئەی شۆپنهاوەر بۆ هەوڵی ئەدا تا سەد ساڵ بژی؟ بەکورتی ژیانی شۆپنهاوەر ژیانێکی ئارام و ئاسوودە و خۆش بوو. بۆیە هەندێك لە رەخنەگرەکان پێیانوایە کە فەلسەفەی شۆپنهاوەر پەیوەندی بە بوونی خۆیەوە نیە، بەڵکو تەنیا لە بیرکردنەوەی ئەودایە، بەو واتەیەی ژیان و بیرەکانی دوو شتی لێکجیاوازن.

بەڵام ئەو ئەنجامانەی لەو بۆچوونەدا ئەکەونەوە، عەبدولرەحمان بەدەوی رەتیان ئەکاتەوە بەوەی ئەوەی لە ژیانی فەیلەسوفدا گرنگە ژیانی ناوەوەیەتی نەوەك دەرەکییەکەی، ژیانی دەرەکی بۆبیرمەندەکان جێگەی بایەخ نیە.(5)

بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی ژیان و سەردەمی شۆپنهاوەر لە کتێبەکەی ول دیۆرانت دا. چیرۆکی فەلسەفە. رەنگە لەوە بگەین کە رووداوەکانی ئەو سەردەم کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر فەلسەفەکەی شۆپنهاوەر و لەوە بگەین کە فەلسەفەکەی تەنیا فکرێکی رووت نیە.

کتێبەکەی شۆپنهاوەر (جیهان وەك ئیرادە و فکرە) لە ساڵی 1818دا بڵاوبۆوە. کە سەردەمی هاوپەیمانی پیرۆزی ئەوروپا بوو دژی ناپلیۆن و دۆڕاندنی لە شەڕی واتەرلۆ. شۆڕشی فەرەنسی شکەستی هێناو نابلیۆنیش بۆ دوورگەی سانت هێلانە دوورخرایەوە.گەورەکردنی ئیرادە لە لای شۆپنهاوەر ئەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوونی بە ناپلیۆن. هەروەها بەشێك لە بێ ئومێدیشی ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییە خەمبارەکەی ناپلیۆن. بەدۆڕانی ناپلیۆن ئیرادەش دۆڕا.(بۆربۆنەکان) گەڕانەوە بۆ شا لە فەرەنسا، و ئاغاکانیش داوای گەڕانەوەی زەوی و زارەکانییان کردەوە. بزافێکی کۆنەپەرستی بڵاوبۆوە و مسالییەتی ئەسکەندەری ئاشتیخوازییان بەکارهێنا بۆ سەرکوت کردنی پێشکەوتن لە هەموو شوێنێکدا.

ئەوروپا ببووە کاولگەیەکی بێ هێز. شەڕ ملیۆنەها کەسی کوشت.ملیۆنەها هکتاری زەویوزار بە فەرامۆشی مابوونەوە. پێویستیش بوو ژیان جارێکی دیکە لە قۆناغی یەکەمەوە هەنگاو هەنگاو دەست پێبکاتەوە.بە قوربانیدانێکی ئازاردەر بۆ بەدەستهێنانەوەی ئابووری وڵات کە شەڕ هەڵیلوشیبوو.

شۆپنهاوەر لەکاتی سەردانی بۆ فەرەنسا و نەمسا لە ساڵی 1804 کاریگەر بوو بەو ژیانە بێسەروبەر و کاول و پیسییەی لە گوندەکانی دیتن. ئەو هەژارییەی تووشی جوتیارەکان ببوو و ئەو نائارامییەی لە شارەکاندا

هەبوو. ئەوروپا ببووە شانۆی شەڕەکانی نێوان سوپای ناپلیۆن و سوپای دوژمنەکانی. ئەم سوپایانەش شوێنەواری وێرانی و کاولکاریان لە هەموو پنچێکی ئەوروپا بەجێهێشتبوو. مۆسکۆ ببووە خۆڵەمێش.هەتا ئینگلتەڕاش کە شانازی بە سەرکەوتن دەکرد بەسەر ناپلیۆندا.جووتیارەکانی تووشی تەنگژەیەکی ئابووری توند ببوونەوە بەهۆی دابەزینی نرخی گەنمەوە. کرێکارەکانیشی تووشی هەموو جۆرە ترس و تۆقاندنێك ببوونەوە لە ئەنجامی ئەو سستەمە پیشەسازییە ساوایەی کە لە لایەن حکومەتەوە سەرپەرشتی نەئەکرا. تەسریح کردنی سوپاش ژمارەی بێکاری و بێکارانی پتر کرد.لەگەڵ ئەمەدا شۆڕشی فەڕەنسی مرد و روحی ژیانیش لەگەڵیدا لە ئەوروپا مرد.

دۆڕانی سوپای ناپلیۆن، کۆتایی زەمەنێك بوو لەگەڵ هیوا و ئومێد و وزەیەك کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێ وێنە بوو. کارەساتێکی ترسناك بوو کە خۆشییەکانی تێکەڵ بە ناخۆشی بوون و پێکەنینەکانی بە فرمێسك.

زۆر لە هەژارەکان لەو رۆژانەدا کە ئازار و بێ ئومێدی باڵی کێشابوو بەسەردا. پەنایان بردە بەر دین.بۆ بەدەستهێنانی سەرخۆشی و دڵنەوایی. بەشێکی زۆریش لە چینەکانی سەرەوە باوەڕیان لەدەستدا. بە چاوی کوفرو ئیلحاد و گومانەوە تەماشای ئەو جیهانەیان کرد کە سەرلەبەری وێرانی و کاولییە.بۆ ئەوەی لە ژیانێکی دیکەدا لە شوێنێ کاولکاریدا دادپەروەی و جوانی ببینەوە.زەحمەت بوو خەڵك باوەڕ بەوە بێنێت خوادیەکی میهرەبان و دلۆڤان هەبێت هەیمەنەی لەسەر کاروبارەکانی ئەم ژیانە هەبێت وەك ئەوەی لە ساڵی 1818دا دیتیان.

شەیتان بەسەر خێر و چاکەدا سەرکەوت. بێ ئومێدیش باڵی بەسەر هیوا و ئومێددا کێشا. فۆڵتێر زەوی شۆڕشی چاند و شۆپنهاوەریش هات ئەو زەوییە بدووریێتەوە.)(6)

لەمەی سەرەوە تێدەگەین کە ئەو رووداوانە کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر شۆپنهاوەر و فەلسەفەکەی بەتایبەتیش ئەگەر بزانین کە ئەو لە ساڵی 1788 لە دایك بووە دوای پێنج ساڵ ناچاردەبێت لەگەڵ خانەوادەکەی (دانزنگ) شوێنی لەدایکبوونی بەجێبێڵێ دوای ئەوەی پۆڵەندییەکان بردیانە سەر پۆڵەندا لە ساڵی 1793 دا. لە ساڵی 1805 دا باوکی خۆی کوشت. لەگەڵ دایکی پەیوەندی زۆ خراپ بوو.کە رەنگە ئەم پەیوەندییە خراپە و دواتیش دابڕانییان لە یەکدی بە شێوەیەکی بنبڕ کاریگەریی لەسەر رەشبینی شۆپنهاوەر بەجێهێشتبێ.دواتریش لە پاڵ خوێندنی زانکۆییدا زانیای زۆری پەیداکرد، گاڵتەی بە خۆشەویستی و جیهان ئەهات و پشتی تێکردبوون، رەشبین و گاڵتەجارێکی گومانکار بوو. دوودڵ و راڕا و ترسی لە خەدری خەڵك هەبوو.هەرگیز خۆی نەدایە بەردەستی سەرتاش و لە کاتی نووستنیشدا هەمیشە دەمانچەیەکی سوارکراوی لە لابوو لە ترسی دزاندا.تاقەتی دەنگەدەنگ و فەوزای نەبوو.بە ئەشکەنجەی ئەزانی. خۆی پێ بلیمەت بوو. بەڵام ئەویش وەك نیچە زوو نەخوێندرایەوە و نەناسرا. بێکەس و بەتەنیایی ژیا. بێ دایك و ژن و منداڵ. بێ خێزان و نیشتمان و برادەر.

سەرەتا نامەیەکی فەلسەفی لە بابەت (عەقڵ) نووسی.دواتر کتێبی (جیهان وەك ئیرادە و فکرە)ی نووسی. کە رەوانی کردە لای وەشانخانە لەسەری نووسیبوو:( ئەم کتێبە تەنیا گێڕانەوەی هزر و رایە کۆنەکان نیە.بەڵکو

ئاوایيـەکی سـەرکەش و توندوتۆڵـە لـە بۆچـوونە ڕەسـەنەکان و بـەیان کردنێکـی ڕوون. سـەرباری تونـدی شێوازەکەی بێ جوانی نیە. کتێبێکە لە ئایندەدا دەبێتە سەرچاوە و ژێدەری سەد کتێب.)

بەڵام لەگەڵ ئەم باوەڕەی شۆپنهاوەریشدا کتێبەکـە ڕەواجـی نەبوو،کـەس بایـەخی پێنـەدا.دوای شـازدە سـاڵ لەسەر چاپکردنی کتێبەکە. بەشێك لە کتێبـەکانی بـە کـۆ فرۆشـران بـۆ ئـەوەی وەك کاغـەزی بـێ کـەڵك بـۆ پێچانەوەی کەلوپەل بەکار ببرێن.

دیاریشە کە نەخوێندنەوەی کتێبەکەیشی دیسانەوە ڕۆڵی هەبوو بۆ ئەوەی بێ ئومێد و ڕەشبین بێت.

دواتر کە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا لە زانکۆدا وانە بڵێتەوە.لە ساڵی 1823 دا لە زانکۆی بـەرلین. بـۆ وتنـەوەی فەلسەفەکەی بۆ خوێندکاران. کە لەهەمان کاتدا (هیگڵ)یش وانەی دەووتەوە و ئەو لەوپەڕی ناوبانگی خـۆی بوو، شۆپنهاوەر بە قەستی کاتی وانەگووتنـەوەی لەگـەڵ کـاتی وانـە وتنـەوەی هیگـڵ ڕێکخـستبوو، بۆیـەشـە ژووری وانـەکانی بـەتاڵ بـوون. کـە ئەمـەش وایکـرد واز لـە زانکـۆ بێنێـت و ڕقێکـی زۆریـش لـە هیگـڵ هەڵگرێت.

دوای بڵاوبونـەوەی کـۆلێرا لـە بـەرلین هـەڵات و ڕووی کـردە فرانکفـۆرت.تـا مردنیـشی لەتەمـەنی هـەفتاو دووساڵیدا لەوێ مایەوە.

سـەرەڕای فەرامۆشـکردنی زانکۆکـان و نەخوێندنـەوەی و بەدەسـتنەهێنانی ناوبانگـدا، شـۆپنهاوەر کۆمەڵـە نووسینێکی کردە بەرهەم. لە ساڵی 1836 دا (ئـیرادە لـە سرووشـتدا) ی نووسـی. سـاڵی دواتـر ئـەکادیمیای شانشینی نۆرویژی لەسەر وتارەکەی (ئـازادی ئـیرادە و تیـۆری زەروەتـی فەلـسەفە) خـەڵاتی کـرد.وتـارێکی دیکەی لەسەر (بنەماکانی پێگیری ئەخلاقی) نووسی. هەردوو وتارەکانیشی لە ساڵی 1841 دا لـە کتێبێکـدا بەناوی دوو ئاریشە سەرەکییەکانی زانستی ئەخلاق بڵاوکردنەوە. لە ساڵی 1844دا چاپی دووەمـی (جیهـان وەك ئیرادە و فکرە) دەرچوو. لەو ساڵەدا شۆپنهاوەر ڕێگەی ناوبانگی و خوێندنـەوەی گـرت.کـاتێکیش کـە بەناوبانگ بوو و ناسرا زۆی پێنەچوو لە ساڵی 1860 دا بە هێمنی مرد.(7)

ژێدەرەکانی ئەم بەشە:

سـەرنجی خوێنـەر بـۆ ئـەو سەرچـاوانە ڕائەکێـشم کـە زانیاییـەکانی ئـەم بەشـەم لـەو کتێبانـەی خـوارەوە ئامـادەکردووە، چـونکە ئـەم بەشـە زیـاتر ئامادەکردنـە و نووسـین نیـە بۆیـە خوێندنـەوەی ڕاسـتەوخۆی ئـەو سەرچاوانە زانیاری زیاتر بەدەستەوە ئەدەن.

1.عبدالرحمن بدوی، شوبنهور، ص 3 وكالة المطبوعات، الكويت، دار القلم/ بيروت، لبنان.

2. هەمان سەرچاوە.لاپەڕە 5.

3.ئیڤین دی یالوم، کاتێ نیچە گریا.وەرگێڕانی هیوا دلشاد.

4.أنيس منصور، لماذا لا تكون حمارا وحشيا.

5.عوسمان یاسین، هێگڵ و دوو لە قوتابیانی. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
6.ول دیورانت. قصة الفلسفة،ترجمة فتح الله محمد المشعشع، منشورات مكتبة المعارف بيروت. 1988.
7. وفيق غريزى، شوبنهاور وفلسفة التشاؤم.ص 28 و 29.دار الفارابي.بيروت لبنان. الطبعة الاولىَ.

# شۆپنهاوەر و فەلسەفەکەی

سەرچاوە هزرییەکان:

بۆ ئاشنابوونمان بە فەلسەفەکەی پێویستیمان بە سەرچاوە هزرییەکانی شۆپنهاوەر هەیە، کتێبەکەی (جیهان وەك ئیرادە و فکرە) یان لە زمانی عەرەبیدا کە لە زۆر شوێندا بە جیهان وەك ئیرادە و نواندن. وەرگێڕدراوە.شاکاری فەلسەفی شۆپنهاوەرە و تەواوی فەلسەفەکەشی لەو کتێبەدا چڕکردۆتەوە وەك ول دیۆرانت باسی دەکات. ئەو شتانەی دواتریش نووسیویەتی زیاتر پاشکۆ و راڤەی ئەو کتێبەن. (1) لە لای شۆپنهاوەردا وشەی (جیهان) بەمانای فراوانی وشەکە بەکاردێنێ. وەك ئاماژەیەك بۆ هەموو گەردوون و هەمووشتێك لە مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەك و بێگیانەکان. زاراوەی ئیرادەش ئاماژەیە بۆ ئارەزوویەکی گەرم و گوڕ کە داناکاسێ. هێزێکی کوێر و ناعاقڵ یان (ئیندفاع،پاڵنەرێکی کوێر) کە هەمووشتێك دەجووڵێنێ و بەویش هەبوونی خۆی تەحقیق دەکات و لە ژیاندا بەردەوام دەبێت. لێرەوە ئیرادە لە لای شۆپنهاوەردا دەبێتە بنەمایەك بۆ ئاراستەیەکی نائەقڵانی لە فەلسەفەکەیدا. فکرە یان نواندنیش(فکرە، تمثل) واتە نواندنی شت لە ئاگاییدا، فکرە و نواندنیش لە لای شۆپنهاوەردا بە دوو ئاراستەدا دەڕوات:

1. ئەو ئاراستەیەی تێیدا نواندن بنەماکەی مەبدەئی هۆکاری کافیە(العلە الكافيە)کە ئەمەش میتۆدی مەعریفەی زانستییە.
2. ئەو ئاراستەیەی نواندن تێیدا سەربەخۆ و ئازاد دەبێت لە مەبدەئی هۆکار. کە ئەمەش میتۆدی هونەرە لە روانینی بۆ شتەکان.

جیهان بەم دوومانایە دەبێتە فکرە، یان نواندن.

سەرچاوە سەرەکییەکانی فەلسەفەکەی سێ ژێدەرن وەك خۆی ئاماژەی پێداوە: لە پێشەکیدا فەلسەفەی کانت، ئینجا ئەفلاتۆن و دواتریش فەلسەفەی هیندی.(ئۆبانیشاد)(2)

شۆپنهاوەر کتێبەکەی بە (جیهان فکرەیە) دەست پێدەکات،رێك وەك ئەوەی کانت بۆیچووبوو، بەوەی ئێمە جیهان لە رێی هەست و فکرەکانمانەوە دەناسین. بنەمای فەلسەفەی شۆپنهاوەر بۆ راڤەکردنی

جیهان دابەشکردنییەتی بۆ دوو جیهان: یەکەمیان جیهانی فکرەکان یان نواندنەکان، دووەمیشیان جیهانی ئیرادە. ئەمەش وەك دابەشکردنەکەی ئەفلاتۆن وایە، جیهانی هەستەکان کە جیهانی گۆڕان و سەیرورەیە، لەگەڵ جیهانی نواندن کە جیهانی نەگۆڕ و هەقیقەتە. کانتیش جیهان دابەش دەکاتە سەر جیهانی دیاردەکان کە لە سنووری تواناکانی ئەقڵمانەوە دەیناسین. و جیهانی شتەکان لە خودی خۆیاندا. کە هەقیقەتی ئەو دیاردە و شتانە دەنوێنن. جیهانی یەکەم لە لای شۆپنهاوەر و کانت و ئەفلاتونەوە یەکن.(3)

لە لای کانت دا وێنەی کات و شوێن و هۆکار، ناگەڕێتەوە بۆ شت لە خۆیدا. بەڵکو ئەگەڕێتەوە سەر هەبوونە دیارەکەی (دیاردە). چونکە دیاردە تەنیا وێنەی تایبەتی شێوازی مەعریفەی ئێمەیە. بۆیە مەعریفەی ئێمە مەعریفەی دیاردەکانە نەوەك بابەتەکە لە خۆیدا. لە لای ئەفلاتۆنیشدا شتەکانی ئەم جیهانە کە بە هەستەکانمانەوە درکیان پێدەکەین، هەبوونێکی هەقیقیان نیە.هەبوونێکی ڕێژەیین، بۆیە بابەتێك نین بۆ مەعریفەی راست.

فیختە و شلینگ و هیگڵ هەر سێکیان و هەریەکەیان بە ناوێکەوە رەخنەی توندیان لە بیرۆکەی(شت لە خۆیدا) گرت.لەبەرامبەردا خود – زاتی رەهایان بەرزکردەوە. بەوەی کە خودی رەها خۆی ، خۆی دادەمەزرێنێ. خود بە خۆی سرووشت و زەرورەتی خۆی دەدۆزێتەوە. بەوەی کە کاری لێدەکریَ.خۆدۆزینەوەی خود لە ریێی ئەو نامنە(اللاأنا)یە دەبێت کە لەبەرامبەر خۆیدا دائەنێت. واتە خود بە سرووشتی خۆی سنوورێك بۆ خۆی دائەنێت. بە وێناکردنی شتێك لەبەرامبەر خۆیدا کە دژیەتی ئەویش نامنە. لەم مەدا ئەکەوێتە حاڵەتی کاریگەریبوونەوە،بەڵام کاریگەرییەك کە خۆی سەرچاوەیەتی نەوەك شتێك کە لە دەرەوەی خۆی بێت. لەگەڵ فیختەدا (شتێك لە خۆیدا) ئازاد و سەربەخۆ لە خود بوونی نیە.دوای ئەمەش تەنیا خود و من مانەوە، خود یان منیش هەبوونی رەهایە.(من هەم) وەك لە کۆجیتۆکەی دیکارتیشدا هاتووە. بەڵگەیەکە بۆ هەبوونی (خود) و ئەم خودە (هەبوونی) خۆی (بەخۆی) دائەمەزرێنێ. واتە خود خۆی دائەمەزرێنێ. خود هەیە و هەبوونیشی لە خودی خۆیەوە هاتووە.چونکە خود خۆی هەبوونی خۆی داناوە.دانانی خۆی کارێکە پەیوەندی تەنیا بە خۆیەوە هەیە.بۆیە خود وجودێکی موتڵقە.بەم شێوەیە بیرۆکەی شت لە خۆیدا رەت دراو خودیش رەها کرا. لە لای فیختە منی رەهایە. لە لای شلینگ شووناسی نێوان خود و بابەتە لە لای هیگڵیش هزری بێ دویماهی.(4)

لێرەدا شۆپنهاوەر هات و پایەیەکی نوێی بە (شت لە خۆیدا) بەخشی. شۆپنهاوەر کە لەبن کاریگەری کانت و ئەفلاتۆن دابوو، لە لای ئەفلاتۆن دا مەزهەبی (وێنەکان)ی دیتەوە.کە زۆر پێیەوە داخبار بوو. بە شێوەیەك کە رایگەیاند وێنەکان لە لای ئەفلاتۆن (شت لە خۆیدا)ی کانتە. چونکە هەردووکیان لە دەرەوەی کات و شوێندان.ناژمێردرێن و ناگۆڕدرێن.ناتوانرێت باسی سەرەتاو کۆتاییان بکرێت. دوای ئەوەش (ئیرادە) ی لە پاڵ وێنەکان و شت لە خۆیدای دانا.بەوەی ئیرادە و وێنەکان و شت لە خۆیدا یەك مانایان هەیە.

شۆپنهاوەر گووتی ئیرادە بە وردی (شت لە خۆیدا)ی کانتە. وێنـەش یـەکـەم شـێوازی بابـەتیی ئیرادەیـە. بەمانای یـەکەم تەحقیق کردنی بابەتی ئیرادەیە بەو وەسفەی شتە لە خۆیدا.
کەواتە ئیرادە شتە لە خۆیدا و وێنەش ئەحقیقی بابەتی یـەکەمە بۆ ئیرادە.
جیهان وێناکردنی منە یان لە نوانـدنی منـە. ئەمـە یـەکێکـە لـەو دەسـتەواژانەی دەبێتـە شەنگـستەیەك لـە فەلسەفەکەی و پوختەی لایەنە هزرییەکەی. لە لایەنە وجودییەکەشی (جیهان ئیرادەیە) دەسـتەواژەیەکی دیکەیە کە دەبێتە شەنگستەکەی تری فەلسەفەکەی.
سەبارەت بە کاریگەری فەلسەفەی هندی کۆنیش ئەوە ئەگەڕێتەوە بـۆ کاریگـەریی زوهـدی هندۆسـی و حالەتی "نیرڤانا" بەوەی ئەو مەعریفەیە دەرمانێکی سەرکەوتووە بۆ پاکبوونەوە و بێگەردی و نـەفیکردنی ئیرادەی ژیـان.

## شۆپنهاوەر وەك فەیلەسوفێکی چەرخی نۆزدەم:

(ناتوانم وابکەم هزرەکانم بۆ هاوچەرخەکانم لە لەغوەیەك زیاتر نەبێت،من پیاوی زەمانی خۆم نیم. ئەگـەر ئەم چەرخەش تێمنەگەن،ئەوە زۆر چەرخی دیکە دێن، زەمەن کەسێکی ڕێزدارە!)(5)
بەم شێوەیە شۆپنهاوەریش وەك زۆرێك لە فەیلەسوفانی دیکە قوربـانی ئـەو سـەردەمە بـووە، کـە تیایـدا نووسیوە.دیارترین نموونە ڕەنگە نیچە بێت. کـە دیـارە پـێش نیـچە شـۆپنهاوەریش زانیویـەتی ئـەو لـە سەردەمێك دەنووسێت کە ئەخلاقێکی فەلسەفی باو باڵی کێشاوە بەسەر فەلـسەفەدا، ئـەویش فەلـسەفەی زانکۆیـە. ئەگەرچی ول دیۆرانت بۆ خوێندنەوە و نەخوێندنـەوەی شـۆپنهاوەردا هۆکـاری بابـەتی پێیـە و باسی کردووە، کە تەنیا پەیوەندییان بە زانکۆوە نەبووە، بەڵکو بـۆ نەخوێندنـەوەی کتێبـی (جیهـان وەك ئیرادە و فکرە)ئەڵێ: ( کتێبەکـە بۆیـە ڕەواج و بایـەخی نـەبوو، چـونکە جیهـان هـەژار و مانـدوو بـوو، پێویستی بەوە نەبوو کتێبێك سەبارەت بە هەژاری و ماندووبوونی خۆی بخوێنێتەوە.)(6)
هەروەها لە کاتی خوێندنەوەشیدا کە بـۆ جـاری دووەم کتێبەکـە چـاپ دەکـرێ: ول دیۆرانـت ئـەڵێ: ( ئەورووپا کە لە مسالییەت بێ ئومێـدبوو و ئـەو هەوڵانـەی لـە سـاڵی 1848 دران بـۆ ئـەوەی فەلـسەفەی ئەڵمانی بە سرووشتەکەی بپێچێتەوە کە وێنای ئەو بێ ئومێدییەی کردبوو کە ئـەورووپا لـە سـاڵی 1815 ناسیبووی. هێرشی زانست بۆ سەر لاهوت، شـوێنەواری شـەڕ و بڵاوبوونـەوەی هـەژاری. تێکۆشـان لـە پێناو مانەوە و بانگەواز بۆ رژێمە ئیشتراکییەکان، ئەوانـە هـەموویان هاوکـاری شـۆپنهاوەریان کـرد بـۆ ئەوەی بگاتە ئەوپەڕی شکۆ و ناوبانگی)(7)
نیچەش سەبارەت بەو ڕەوشەی نووسینەکانی شۆپنهاوەر بۆ زانکۆ دروستییان کرد ئەڵێ : ( هـیچ شـتێك ئەوەندەی دژایەتی شـۆپنهاوەر بـۆ مامۆسـتایانی زانکـۆ و زانـا ئەڵمانییـەکان خـراپ نـەبووە. بـەڵام ئـەو

سەبری هەبوو بڕواشی هەبوو کە خەڵك دانی پێدا ئەنێن هەرچەند ئەو دانپێدانە گیرۆش بێ. هیواکەشی هاتە دی رۆشنبیرانی چینی ناوەند لە پارێزەران و دکتۆان و بازرگانەکان دەستییان بە خوێندنەوەی کرد چونکە ئەوان ئەوەیان تێدا دیتەوە ئەو فەیلەسوفێکە لێکۆڵینەوەکانی وانیشان نادەن تەنیا باسی ئەوهامی میتافیزیکییای خەیاڵی ئەکات. بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی تەواویان لەسەر دیاردەکانی ژیانی هەقیقی پێشکەش دەکات.) (8)

بەڵام ول دیۆرانت لە شوێنێکی دیکەی چیرۆکی فەلسەفەدا ئەڵێت رەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی کتێبەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شۆپنهاوەر هێرشی کردبووە سەر ئەو کەسانەی کە ئەیانتوانی ریکلامی بۆ بکەن، کە مامۆستایانی زانکۆ بوون. لە ساڵی 1818 دا هیگڵ حاکمی کاروباری فەلسەفە بوو لە ئەڵمانیا. بەڵام شۆپنهاوەر هیچ بایەخی پێنەدا و بەردەوامیش بوو لەسەر هێرشکردنی. بۆیە لە پێشەکی چاپی دووەمی کتێبەکەیدا دەنووسێت:(هیچ شتێك بەقەد ئەوە خراپ نیە بۆ فەلسەفە،کاتێك لە کاتەکان بکرێتە ئامرازێك بۆ ژیانکردن و بەدەستهێنانی نان و گەیشتن بە تەماھ و ئامانجی سیاسی. ئەم بەڕێزانە فەلسەفەیان کردە ئامرازێك بۆ پەیداکردنی نان. بەو پەندە جولانەوە کە دەڵێ ئەوەی لە ماڵی ئاغا بخوا بە شمشێرەکەی شەڕ دەکات. یان گۆرانی ئەو کەسە ئەڵێم کە نانم ئەداتێ.ئەم کارەیان پێ باش بوو. فەیلەسوفە کۆنەکان پەیداکردنی پارەیان لە ڕێی فەلسەفەوە بە سفەتێکی سۆفیستەکان ئەزانی.مەحاڵە بۆ سەردەمێك، کە (هیگڵی) شکۆدار کرد و بۆ ماوەی بیست ساڵ بە بلیمەتترین فەیلەسوفی دانا.ڕێزی ئەو کەسە بگرێ کە ڕێزی هیگڵی لێسەندنەوە.هەقیقەت هەمیشە ئامانجی کەسانێکی کەمە، بەڵام بە هێمنی و سەبرەوە چاوەڕێی ئەو کەسە کەمانە دەکات.

ژیان کورتە، بەڵام هەقیقەت ژیانی درێژترە و کاریگەریشی دوورترە.) (9)

بە کورتی ئەگەر شۆپنهاوەر فەلسەفەی سەردەمەکەی لە زانکۆدا کورت کردبێتەوە، و زانکۆشی تەنیا لە دەسەڵات و ئامانجی سیاسی و نان پەیداکردن چڕکردبێتەوە. رەنگە ئەمە لایەنێکی سرووشتی فەلسەفەی سەدەی نۆزدەم بێت و هەمووی نەبێت. بۆیە خراپ نیە لێرەدا ئەگەر بە کورتیش بێت تۆزێك لەسەر فەلسەفەی سەدەی نۆزدەم بوەستین.


1.ول ديورانت. قصة الفلسفة،ترجمة فتح الله محمد المشعشع، منشورات مكتبة المعارف بيروت. 1988

2.وفيق غريزي،شوينهاور وفلسفة التشاؤم.دار الفارابي.بيروت لبنان ص46-47

3. هەمان سەرچاوە لاپەڕە 48

4. ول ديورانتقصة الفلسفة،ترجمة فتح الله محمد المشعشع، منشورات مكتبة المعارف بيروت . 1988 ص60

5. اميل برهيية،تاريخ الفلسفة القرن التاسع عشر.ترجمة. جورج طرابيشي.دار الطليعة للطباعة والنشر. بيروت ص 284

6. ول ديورانتقصة الفلسفة،ترجمة فتح الله محمد المشعشع، منشورات مكتبــة المعــارف بيــروت . 1988ص 391

7.هەمان سەرچاوە لاپەڕە395

8. هەمان سەرچاوە لاپەڕە 395

9. هەمان سەرچاوە لاپەڕە 395